YADNAMA

# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی روداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣٤ی ئازار ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.34,March 2022

## ڕاپەڕین و کاڵ بونەوەی دروشم

**یادنامە**

ڕاپەڕین ئەگەرچی قۆناغی بەریەککەوتنی دوو هێز بو وە زەمینەی ڕاپەڕین دروست بوبو ، بەڵام جوڵێنەری ڕاپەڕین و یەک دەنگی نێوماڵی کوردو یەک ڕیزی سەرکردایەتی ئەوکات ڕۆڵێکی هێجگار گەورەیان بینی لە سەرگرتنی ڕاپەڕین و ئەنجام گەیاندنی ، بەڵام دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ، ئایا شۆڕش وەک پێویستی خەباتی شاخ لە هەگبەیدا ئەقڵی حکومڕانی شاری هەڵگرتبو ،؟؟؟


بێگومان قۆناغی شارو دەوڵەتداری پێویستی بە ئەقڵێکی دەوڵەتداری تەواو جیاوازە لە ئەقڵی خەباتی شاخەکان ، بۆیە کاتێک هەمان ئەقڵ دەستەڵات دەگرێتە دەست دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی ئەقڵی سەرکردایەتی ، کە نەک نەیانتوانی حکومداریەکی ڕەشید پێکبهێنن ، هاتن لەسەر بنەمای کەسی و ناوچەیی و خێڵگەرایی کاریان لەسەر حکومداری کرد ئەمەش دەبێتە هۆی نادادی و نابەرامبەری و جیاوازی چینایەتیەکی گەورە لە دواجاردا دەبێتە هۆی مردن و کاڵ بونەوەی قۆناغی پێش خۆی تا ئەو ئاستەی پیرۆزییە نیشتمانیەکان و دروشمەکان دەبنە کارتۆنی و کوشتنی ولائی هاوڵاتی بە چەمکە نیشتمانیەکان ، هەر بۆیە لە یادی ڕاپەڕیندا هێندە حاشا دەبینین هێندە پیرۆزبایی نابینین ، ڕۆژی یادەکە لە بری ئەوەی ببێتە دڵخۆشی و شادی وەک ڕۆژی بێ هیوایی تێدەپەڕێ ، لە ئەنجامدا دەبێتە سەرەتایەک بۆ کۆتایی شۆڕشێک و لەدایکبونی شۆڕشێکی تر،گەر دەسەڵاتی کوردی بە خۆیدا نەچێتەوە.







گردی مامە یارە ...ل٢
دادگـــا ... ل٣
نامە مێژوییەکەی مەلیکی کوردستان ... ل٤
دوا هەناسەی حەمەرەش ... ل٥
سەردار کێستەیی ... ل٦
شکستی ڕاپەڕین وقۆناغیکی نوێ ... ل٨
پارتیزان وەک زاراوەو ئامانج ... ل٩
قەرەجێکی بێ ناسنامە ... ل١٠
ئەمشەو تەنیایی دادەگیرسێنم ... ل١١
ئارشیفی لەبیرچوونەوە ... ل١٢
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٤
یادداشتەکانی کیژۆڵەیەك ... ل١٥
نوێترین شێعری عەبدوڵا پەشێو بۆ "کەرکووک" ... ل١٦
زیلینسکی بۆ یەکێتی ئەوروپا .. ل١٨
ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی ئاوە ... ل١٩





## گردی مامه یاره پێشتر ناوی گردی (گول ) بووه دواتر ناوەکەی گۆڕاوه به (گوڵ ) دوای ئەوەش بووه بەگردی مامه یاره بۆ ناوی گول بووه !!!

بەپێی گێڕانەوەکانی خەڵکی شاری سلێمانی کەتۆمار کراوه چەند خێزانێك لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات دێنه سلێمانی نیشته جێ بن ، بەڵام چەند کەسێکیان نەخۆشی پێستیان دەبێت کەئەو سەردەمه بەتێکچوونی پێست و ڕوخسار وتراوه نەخۆشی گوولی ، خەڵکی سلێمانی نەیان هێشتووه له ناو شاری سلێمانی نیشته جێ بن وەدڵیشیان نەهاتووه بیان گەڕێننەوه بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات وتویانه لەو گرده نیشته جێ بن بەدور لەخەڵکی شار تا چاك ئەبنەوه با ئەو نه خۆشیه بڵاو نەبێتەوه ، دواتر بەتێپەڕ بوونی کات ئەو گرده ناونراوه گردی (گوولەکان ) پاش ماوەیەکی زۆر خەڵك سەردانیان کردوون بینیویانه چاك بونەتەوه هاتونەتەوه شار وتویانه (گول) ەکان ، بوون به (گوڵ) ەکان ، وەك (گوڵان ) گەشاونەتەوه
بەتێپەڕ بوونی کات ئەو گرده ناونراوه گردی گووڵەکان ناوەکەی کورت کراوەتەوه بۆ (گردی گوڵان )، وەدوای ئەم ناوەش کەمامه یارەی ساحێبقران نیشتەجێ دەبێت لەوێ خۆی چەند سەربازێکی ، کەمامه یاره بەناوبانگ ترین ئەفسەری میریشینی بابان دەبێت ئەو گرده دوای ئەو دوو ناوه ناو دەنرێت گردی مامه یاره

پیرەمێرد زۆر نرخ و بەهای بۆ مامه یاره داناوه ڕێزی مێژوو ئازایەتی ئەو پیاوەی گرتووه

**نەورۆزی گردی مامەیارە چۆن بوو؟**

لەو ڕۆژەدا پیرەمێرد خواردنی یاپراخی دروست کردووە و بردوویەتی بۆ خەڵک لەوێ بیخۆن، هەروەها وەکو سیمبۆلێکیش، لەو ڕۆژەدا 12 سەماوەر، بەپێی هەر 12 مانگی ساڵ لەوی جۆشدراوە و چایی بەسەر خەڵکدا دابەشکراوە، پیرەمێرد خوێندکارە کوڕ و کچەکانی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ چالاکی نەورۆز و چەندین چالاکییان پێشکەش کردووە، لەو ڕۆژەدا هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی نەکراوە و ژن و پیاو بەشدار بوون لە مەراسیمی نەورۆزدا، ئیتر بووە بە نەریتێکی بەردەوام و پیرەمێرد ساڵانە کردویەتی، تا ئێستاش زۆربەی خەڵک لەو ڕۆژەدا دەچنە دەرەوە و یاپراخ لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەن، هەر بەو بۆنەیەشەوە پیرەمێرد شیعری نەورۆزی نووسیوە، دواتر لەلایەن حەمە ساڵح دیلان شیعرەکە کراوەتە گۆرانی، ئێستاکەش زیاتر لە نیو سەدەیە کە گۆرانی نەورۆز بە دەنگی حەسەن زیرەک لە ڕۆژانی نەورۆزدا لە هەموو شوێنێکی کوردستان ( ئەمڕۆژی ساڵی تازەیەی نەورۆزە هاتەوە، جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و ەهاتەوە) دەبیستریت.

**نەورۆز و ئەدمۆنزی حاکمی ئینگلیز**

ئەدمۆنز کە حاکمی ئینگلیز بووە لە عێراق، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ دێتە سلێمانی بە مەبەستی خواحافیزی لە خەڵکی سلێمانی، لەو سەردەمەشدا پارێزگاری سلێمانی مەعروف جیاووک بووە، لەو یادەدایە کە فایەق بێکەسی شاعیر شیعری 27 ساڵە من ڕەنجبەری تۆم دەخوێنێتەوە، ئیتر دوای ئەوە دەبێتە خۆپیشاندانێکی گەورە و دێنە ناو شار و لەبەردەرگای ماڵی موتەسەریف کۆ دەبنەوە.

لەو بارەیەوە د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ئاماژە بەوە دەکات کە: پیرەمێرد لە جەژنی نەوروزدا خەڵکی شاری بانگ دەکرد، ئینگلیزەکانیش دەهاتن، هەر ئەوەش بوو کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ فایەق بێکەس، شیعری (٢٧ ساڵە من ڕەنجبەری تۆم)ی لە دژی (ئەدمۆنز)حاکمی ئەو کاتەی ئینگلیز لە کوردستان خوێندەوە، لەو کاتەدا نەورۆز دەبوو بە جەژنی بەهار و جەژنی کوردایەتی، ئەو ڕەمزی کوردایەتییە پیرەمێرد بە نەورۆزی بەخشی.
پیرەمێردی شاعیر، ئامانجی لە زیندووکردنەوەی مەراسیمی جەژنی نەورۆز ئەوەبووە، کە بیکاتە سیمبولی تێکۆشانی گەلی کورد بەرامبەربە داگیرکەران، هەروەها ئامانجی لە هەڵبژاردنی گردی مامەیارە، ئەوەبووە کە ڕۆحێکی تێکۆشەرانەی وەک مامەیارە بۆ نێو تاکی کورد بگەڕێنێتەوە کە تا کۆتایی بەرگریی لە خاک و گەلی کوردستان بکات و هیچ کات لەبەر دوژمن هەڵنەیەت و گەل و خاک بۆ داگیرکەران بەجێ نەهێڵێت وەک چۆن مامەیارە هەڵنەهات لەبەردەم سوپای داگیرکەری عوسمانیدا.

نووسینی ; ئامانج مەسرەف
چاووگی زانیاری;roie news
د. عزەدین مسەفا ڕەسوڵ
نووسەر کاك دانا عمر
تابلۆ : کاك عمر دەروێش

# دادگـــا

بـرای گـەورە و بەڕێزم مام جەلال!
سڵاوێکی گەرم ...
هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن
چەند جارێ چەند کەسێکی قانونیو نائیبی مدعی عام هاتونەتە لام بۆ دەربرینی هەندێ سەرنج و تێبینی تـا بە جەنابتی بگەیەنم، وا لە خوارەوە پوختەکەیتان ئەخەمە بەرچاو هیوادارم کەڵکێکی هەبێو خۆت کە پیاوێکی قانونیت گرنگیی دادگا بێگومان لە خەڵکی کـە باشتر ئەزانی.

١ - وەزعی ناو دادگای سلێمانی باش نیە چونکە حاکم (.......) و حاکم (.......) ناکۆکن. بەو هۆیەوە دەزگای محکمة بۆتە دو تەکەتولی دژ بە یەک و دژی یەکتری ئەدوێنو کار لە یەکتری ئەشێوێنن.
ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر ئەکرێ کە ئەم دو حاکمە ئاشت بکرێنەوە و ڕێکبخرێنەوە چونکە هەردوکیان بە کەڵکن بۆ دادگاکانی سلێمانی.

٢ - هەیبەتی دادگا کەم بۆتەوە. تا ئێستا چەند جارێ لە بەردەمی دادگادا تەقە بوە و جارێکیش یەکێ کوژراوە. بیناکەیشیان بچوکە و پاک و خاوێن نیە. بۆ ئەوەی هەیبەتی دادگا بەهێز بکرێ پێویستە:
أ . ژمارەیەکی باش پۆلیس بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی دادگا تەرخان بکرێ.
ب. حیمایە بۆ حاکمەکان دابنرێ.
ج. خاوێنی بیناکە و دیوارەکانی ڕابگیرێ.
د. بیناکەی پشتی دادگا کە هی بەلەدیاتە بدرێ بەمان.

٣ - وەزعی محکمةی تحقیق باش نیە چونکە:
أ. تەنیا یەک حاکم تحقیق هەیە و مەسەلەکانی لە سەر کەڵەکە ئەبێ.
ب. محکمة اجهزەی تحقیقی نیە وەکو: مختبر الادلة الجنائیة، جهاز طبع الاصابع، جهاز کشف السلاح ...

٤ - بۆ پێگەیاندنی حاکمی گەنج ئەتوانرێ معهد القضاء لە سەر شێوەی مەعهەدەکەی بەغداد دابمەزرێنرێ. لە سلێمانی ئیمکانی ئەمە هەیە.

٥ - بۆ ئەوەی سەربەخۆیی قانونی خۆمان هەبێ و مادەم بەرەو خۆجیاکردنەوە ئەچین لە پارتی پێویستە محکمةی تمییزی خۆمان لە سلێمانی هەبێ.

٦ - عفوی خاص بۆ هەندێ تاوانبار دەرچوە ئەمە شتێکی باش نیە بۆ سومعەی محکمة. ئەمە یا نەهێڵرێ یان زۆر کەم بکرێتەوە.
٧ - ئێستا ٣٧ نائیبی مدعی عام هەیە لە گەڵ سەرۆک و جێگرەکەی ئەبن بە ٣٩ کەس. ئەم ژمارەیە زۆرە و هەندێکیان ڕەنگە هێشتا بە کەڵکی ئەم ئیشە نەیەن چونکە بە واسیـتە دانراون. مەرجەکانی مدعی عام بە گوێرەی قانونی عێراقی ئەبێ:
عێراقی بێ، متـزوج بێ، لایەنی کەم ٣ ساڵ خزمەتی هەبێ و ٢ ساڵیش لە معهد القضاء خوێندبێتی.

لە گەڵ ڕێزی بێئەندازەی نەوشیروان

سلێمانی ٣ ی ئـابـی ١٩٩٩

* کتێبی لە (نێوان مام جەلال و من دا)
* نوسینی نەوشیروان مستەفا
* لاپەڕەکانی ١٠٥ و ١٠٦



## شەهیدانی شاری سلێمانی لەرۆژانی 7-3 و 8-3 _1991

کە لە ڕۆژانی ڕاپەڕین گیانی خۆیان بەخت کرد ژمارەیان 153شەهیدە
سەرنجێک
1-ژمارەی شەهیدەکانی ناو شاری سلێمانی و دەورو بەری لە 7-3 وە تاکو 2-4-١٩٩١ ... 797 شەهید بوو .
2-شەهیدانی شاری هەولیرو دەوروبەری تا ڕەوەکە 462 شەهید بوو.
3-شەهیدانی ڕاپەڕین 177 شەهید بو
4-شەهیدانی شاری کەرکوك 210 شەهید بوو.
5-شەهیدانی گەرمیان 142 شەهید بوو
6-شەهیدانی بادینان 26 شەهید بوو.



# نامە مێژووییەکەی مەلیکی کوردستان ٩١ ساڵ بەر لە ئێستە

نامەی شێخ مەحمود بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی{{ کۆمەڵی گەلان}} عصبە الامم

پاریس ٢١ مارس ١٩٣١

بەڕێز جەنابی سەرۆک

شانازی ئەوەم هەیە ترس و شکاتی نەتەوەیەکتان پێ ڕاگەیەنم کە خودی خۆتان خستوتانەتە ژێر ئینتداب وپاراستنی خۆتانەوە و دەشگوترێ ئەوەی ئینتداب دەکات، پارێزەریشە. ئەم نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە من زۆر شانازی بەووەوە دەکەم بە یەکێک لەوان دەژمێرێم و ئیستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشوری وڵاتی گەورەی کوردان کە بە عیراقەوە لکینراوە،نیشتە جێ یە.

من بەئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشم کە خاکی کوردستانی لکێنراو بە عیراقەوە، بەهیچ شیوەیەک وەک ((بين النهرين)) نەکەوتۆتە ژێر دەستی هیچ یەک لە هیزەکانی دەوڵەتە یەکگرتوەکان یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. کوردەکان خۆیان لە ١٩١٨دا چەکیان هەڵگرت و هێزەکانی تورکیان ناچارکرد خاکەکەیان چۆڵ بکەن, سەربەخۆییان ڕاگەیاندن ودەوڵەتیکیان دروستکرد کە بەڕێوبەرایەتی وڵاتی بەناوی ((دەوڵەتی کوردستانی باشور)) گرتە دەست .

لەو سەردەمەدا عێراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو(متحد) و هاوپەیمانی (متفقين) لە ناویدا جەنگیان دەکرد. پاشان بۆ بەدبەختی ئێمە خاکەکەمان بە عێراقەوە لکێنراو ، ئەوروپاش کە لافی ئەوەی لێ دەدا کە بۆ بەرگریکردن لە ماف ودادپەروەری چەکی هەڵگرتووە ، لە بەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێ دەنگ بوو. ستەمێک کە چارەنووس و داهاتووی نەتەوەیەک کە ئەگەر چی نەک بە ڕەسمی بەڵام بەکردەوە بووبوە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، خۆی بەستەوە بە چارەنوسی نەتەوەیەکی دیەوە، کە نەژاد و داب ونەریت و مێژوو زمان و سیمایان لەیەک جیاوازە. گەر چی هێشتا جێی سوپاس بوو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەڵێنە کەم بوەوە کە ((کۆمەڵی گەلان )) سەبارەت بە بەخشینی خودموختاریەکی تەواو بە کوردستانی باشوری دابوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندان ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێدەپەڕێ کەچی نەک هەر بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە بەڵکو بەپێچەوانەوە ژیانی خۆمان و ژن و منالّ و باوکانمان لە ژێر هەڕەشەی ئاگری تۆپ و فرۆکە بۆمبهاوێژەکان وڕەشاشە دایە، بەو تاوانەی ئامادەنین ببین بە عەرەب و چاو لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەین کە پێمان دراوە.

دەوڵەتی عێراقی هیچ دوودڵ نەبووە لەوەی شاری سلێمانی - پایتەختی کوردستانی باشور-بۆمباران بکات و کوردەکانی ئەم شارەی کوشتوە بەتاوانی ئەوەی ئامادە نەبوون بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە ئەو دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەبارەت بە بڕیاریک ئەنجامی بدات کە هەموو مافە ڕەواکانی کوردان پێشێل دەکاو کۆشکی ئومێد و ئارەزویان بۆ ئایندە ، دەڕمێنێ.

ئێمە بڕوامان وایە ئەم تۆپ وگوللانەی بەسەر قوربانیانی کوردی دانیشتوی کوردستانی باشوردا دەبارێ ، لە بنەڕەتدا هێرشێکیشە دەکرێتە سەر حەیاو ئابڕووی ((کۆمەڵی گەلان)). چونکە کوردەکان لەژێر ئینتدابی ئەو (کۆمەڵە) یەدان ، واتە لەژێر پاریزگاری ئەودان.

ئەگەر هێزەکانی دوڵەتی عەرەبی عێراقی پشتیان بە فڕۆکە و سوپاکانی دەوڵەتی ئینگلیز نەدەبەست کە ((کۆمەڵی گەلان)) ئینتدابی ئەم سەرزەمینەی بە ئەوان سپاردوتابەناوی ((کۆمەڵەی گەلانەوە )) بەڕیوەی بەرن ، ئەوا میژوو دوبارە دەبۆوەو هیرشکردن بۆ بەغدا و داگیرکردنی بۆ کوردەکان وەک کاری ڕۆژانە ئاسان دەبوو.ئیمە ئامادەین و هەمیشەش ئامادە دەبین لەبەرامبەر عەرەبەکاندا، بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێت توشی ڕوبەروبونەوەیەکی چەکداری ببن لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو (کۆمەڵە) بەڕیزەوە هەنگاو دەنێ، ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن ڕوبکەینە ((کۆمەڵەی گەلان )) و داوای جێبەجێکردنی ماف و دادپەروەری بین.

بێگومان بەداواکاری ئەوەی وڵاتی ئێمە بە عیراقەوە بلکێنرێ و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنمان بۆ قبوڵکردنی ئەم لکاندنە بەزۆری چەک، بەهیچ شێوەیەک ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە (کۆمەڵی گەلان ) دەیەوێت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکرێت.تا ئەوکاتەی چارەنوسی وڵاتی کورد بەدەستی ڕۆڵەکانی خۆی نەسپێرێ و تا ئەودەمەی دەوڵەتیکی کوردی بەڕیوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ئومیدێک بە ئاشتی وئاسایش لەم ناوچەیەدا نیە. کورد کە خاوەن میژویەکی هەزار ساڵەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی میژودا زانیویانە و توانیویانە بەرگری لە ژیان و وڵات و مێژوو دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستە بڕیاریان داوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کۆیلەیەتی عەرەبەکانی عیراق ، کەچ نەکەن. ئێمەی کورد دەمانەوێت لەگەڵ هەموو گەل ونەتەوەکاندا دۆست بین و بەرامبەر بەهیچ گەلێکیش ڕقمان لە دڵدا نیە. بەڵام لە کاتیکدا کە سەربەخۆیی تەنانەت بەهەندی گەلی سەرەتایی ئەفریقا وەک لیبریا دەدرێت و لەگەلی وەک ئێمە زەوت دەکرێت کە توانیوێتی بەشەرەف وئازایەتی و قارەمانیتی و غەریزەی پاڵەوانی وهۆش وزیرەکی خۆی پایەیەکی مەزن لە میژووی گەلاندا بەدەست بهێنێ، ئیدی ئەمە ستەمێکە کە ناتوانین لێی بێدەنگ بین. بەتایبەتی کە پێش ماوەیەک دەوڵەتی عێراق کە توشی نەخۆشی دەمارگیری توند ڕەوی نەژادی بووە، هەوڵ ئەدا بە پشتیوانی دەوڵەتی ئینگلیز وبەهۆی خوێناویترین هەنگاوی جەنگیەوە ، بەرگریکردنمان تێک بشکێنێ.

خوێن وئاگر هەرگیز نەیتوانیوەو ناتوانن ڕاستیە میژوییەکان بگۆڕن و سەدان هەزار کوردی وەک سەلاحەدین وکەریم خانی زەند بکەن بەعەرەب. نەتەوەی من و خودی خۆشم بەهیچ شێوەیەک دەمارگیری ئاینزایی (مزهبی) مان نیەو تینوی خوێنرێژی نین و ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتووە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ناچاریان کردوین و بەسەریاندا سەپاندوین.

ئێمە خواستی دەسەڵاتگرتن بەسەر هیچ نەتەوەو هیچ وڵاتیکماندا نیەو نامانەوێ ئاغاو سەرداری هیچ کەسێک بین. بەڵام ئەوەش قبوڵناکەین کە خەڵکانی دی بەسەرماندا زاڵ بن یان جگە لە خۆمان سەردار وئاغایەکمان هەبێت. ئەمەش خۆی ئامانج و ئایدالێکە کە چەندان هەزار کەس لەکاتی ئەم جەنگی دوایدا، لە پێناوی دا گیانی خۆیان فیداکرد.ئەمە جگە لەوەی ئەمە مافێکە کە خودی ((کۆمەڵی گەلان )) هەر لەم ڕۆژانەی دوایدا ، بۆی سەلماندوین .

ڕیگەم بدەن بە دڵنیاییەوە پێتان ڕابگەیەنم ئەم دۆخی شۆڕشگێڕیەی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدنیەتی دەسەڵاتدارانی عێراق ، کۆتای پێ نایەت ئەوکاتەنەبێت کە هەموو مافەڕەواکانی کورد بەڕەسمی بناسرێ ولەبەرچاو بگیرێ.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داننانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا... واتە (( دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشور ))داو بڕین ولەناوچونی هەموو پەیوەندیەک بەدەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە. جگە لەمەش پەیمانی تازەی نیوان ئینگلیز وعێراق کە کۆتایی بە ئینتدابی ئینگلیزی بەسەر عێراقدا دێنێ، ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ئەو ڕێگە چارەیەی پێشنیارمان کردووە بە تەواوی لۆژیکیەو هیچ ڕێگەیەکی دەربازبونی لێ نیە.

کۆمەڵی گەلان دەبێ گەر بەسەرنجدان لەکرۆکی ڕوداوەکانیش بووە، بگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکەی خۆی کە ١٩٢٥ داوێتی.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا

شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی

دانیشتوانی کوردستانی باشور

سەرچاوە:

کتێبی سەردەمی قەڵەم وموراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)

لاپەرە ١٨٠-١٨٣

نەوشیروان مستەفا ئەمین.



# دوا هەناسەی.... حەمەرەش

لە 10/ 3 / 1991 مەفرەزەکەی (حەمەرەش ) *و عوسمانی حاجی مەحمود ،لەشاری کفری یەوە بۆ ئازادکردنی دوز خورماتوو بەرێکەوتن پێش ئەوەی ئەوان بگەن ، مەفرەزەیەکی رەتڵێ پارتیزانەکانی گەرمیان بەسەرپەرشتی حەمە ئاخەومەجید دووزی لە ناوشاری دوز خورماتوو بوون، بەهاوکاری جەماوەی خاوەن هەڵوێست ،ئەو شارە یان ئازاد کردبوو .

هەر ئەو رۆژە سوپای عێراق ومجاهیدین ،چەند هێرشێکی کردە سەر ئەوشارە و شکێنران

بۆ رۆژی دووەم سوپای عێراق ومجاهیدین لە چەند قۆڵێکەوە ،پەلاماری شاری دووزیان دا ، لەوکاتەدا حەمەرەش ومەفرەزەکەی ،لە سەرشەقامی سەرەکی کەرکوک - بەغداد بوون ،شەقامێکی تری لێ دەبێتەوە بۆ تکریت ، لەوێ دا رووبەرووی دەیان هێرشی سوپای عێراق و موجاهید ەکان بوونەوە و تێکیان شکاندن .

داتر ناقیلەیەک بەرەو روویان هات ، تێکیان شکاند ، لەوکاتەدا کەتیبەی تۆپخانە ی عێراق

ئەو شەقامەی بەرەتڵی تۆپ بێژا ،تۆپێک لە نزیک حەمەرەش تەقییەوە ، پارچەکانی سەری و سنگی و سەراپا جەستەی پێکا ، تۆپ بارانەکە بەردەوام بوو.

عوسمانی حاجی مەحمود ، بەخێرایی (نەوشیروان حاجی ئەحمەد و شەهید سوڵتان وچەند پارتیزانێکی دەست نیشان کرد بۆ گواستنەوەی حەمەرەش بۆ شاری کفری بۆ چارەسەر، نەیانزانی هێزێکی بێ شوماری سوپای عێراق بەپاڵپشتی مجاهیدین لە سێ رێیانی (سلێمانی -بەغداد - کفری ) بۆسەیان داناوە ، کە لێیان نزیک بوونەوە ئەمجا زانیان رێگایان لێ گیراوە .

بۆ دەربازبوون لەو بۆسە گەورەیە ، نەوشیروانی حاجی ئەحمەد و هاورێ پارتیزانەکانی بە لانگرۆزەکەیانەوە لایان دایە سەر رێگایەکی خۆڵ لە بناری زنجیرە شاخی (غەرەوە ) .

باڵی تاریکای بەسەر ناوچەکەدا کشا ،بۆ ئەوە لەویوە بگەنە کفری ، لە نیوەی رێگا لە بەرامبەر سێ رێیانی سلێمان بەگ ،لە دەشتایەکەدا کەوتنە ناو کەمینی دوژمنەوە لانگرۆزەکەیان بەجێهێڵا .

حەمەرەش -یان بەشان دەرکرد ،لە هێزەکەی دوژمن دووریان خستەوە ،سە عات 10 30-ی شەو سوڵتان و پارتیزانێکی تر بەپێ رۆیشتن بۆ کفری ، بۆئەوەی ئۆتۆمبیلێک بهێنن، حەمەرەش ی پێ بگوێزنەوە بۆ کفری .

نەوشیروان ئەحمەد حەسەن و دووپارتیزانی تر بە دیار حەمەرەش -ەوە مانەوە .

لەسەعات 1-ی شەو حەمەرەش دوا هەناسەت سپارد، سوڵتان هەر بە رێگاوە بوو ئەو شەوە نەیتوانی بگاتە کفری ،ئۆتۆمبیلێک بە فریای حەمەرەش بگەیەنێت ،بەیانییەکەی نەوشیروان ئەحمەد حەسەن وهاورێکانی،تەرمی شەهید حەمەرەش-یان نزیک بە شاخی (غەرە) کرد ووە ،تە رمەکەیان لەوێدا شاردەوە ،بۆ ئەوەی دەست هێزەکانی دوژمن نەکەوێت ،تا دوای نیوەرۆی ئەو رۆژە ش لە نزیک تەرمەکە مانەوە ،هیچ کەس بەهانایانەوە نەهات .


نەوشیروان ودووپارتیزانەکەی تر ،بەپێ بەرەو شاری کفری بەرێکەوتن ، لە نێوان دەربەندی تاوڵە و قۆری چاێ ، دوو ئۆتۆمبیلیان بەدی کرد،کە لێیان نزیک بوونەوە بینیان پارتیزانەکانە ،سوڵتان ونازمی وەستا شەریف وچەند پارتیزانێکی تر بوون ،بە خێرایی پرسیاری باری تەندروستی حەمەرەش - یان کرد :

نەوشیروان بە خەمێکی قوڵەوە وتی :

- حەمەرەش شەهید بووە ، تەرمەکەیمان لە جێگایەک دا شاردووەتەوە .

هەموویان روویان کردە ئەوشوێنە ی تەرمەکەی لێ بوو،سەعات 9شەو تەرمی حەمەرەش-یان گواستەوە بۆشاری کفری ،هەرئەوشەوە نەوشیروان ئەحمەد حەسەن و سوڵتان روویان کردە وە شاری دووز بۆ لای عوسمانی حاجی مەحمود و پارتیزانەکان ، سەعات 12 نیوەرۆ گەیشتنە ناوشاری دووز . پارتیزانەکان لە شەرێکی سەخت دابوون لە گەڵ سوپای عێراق و مجاهیدین ، لە رێگەی دووزخورماتوو - کەرکوک رێکەوتی عوسمانی حاجی مەحمود-یان کرد ،یەکسەر پرسیاری باری تەندروستی حەمەرەش-ی کرد:








- نەوشیروان چیرۆکی ئەو مەرگەساتە تاڵەی بۆ گێرایەوە ،زۆری پێ ناخۆش بوو، ئێوارەکەی سوپای عێراق ومجاهیدین تێک شکان، پارتیزانەکان هەر لەناو شاری دوزمانەوە بەرگریان دەکرد ،دوای چەند رۆژێک لەشەری بەردەوام و بەرگری لەوشارە ، لە دوایەمین رۆژی کشانەوەی پارتیزانەکان،سوڵتان -ی پارتیزان پێکراو دواهەناسەی سپارد .

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود
سەرچاوە :
رەشە بای ژەهرو ئەنفاڵ ، بەرگی دووەم ، ل 418.

*شێخ محەمەد شێخ کەریم عیسا کەسنەزانی ، لە 1957 لە گوندی هۆمەرامان ی قەرەداخ لەدایک بووە ، خوێندنی سەرەتایی لە ناحیەی سەنگاو بووە ، لە 1974 رووی کردووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە، دوای هەرەس بووە بە پۆلیس ، لە 1977بووە بە کۆمەڵە ، لە 1978رووی کردوتە سنووری هەرێمی یەک بووە بە پێشمەرگە ، پێشمەرگە یەکی هێمن و زیرەک بە جەربەزەو لێهاتوو بووە ، لە بەرتوانا ی لە بن نەهاتووی ، لە 1980چەندان پلەی فەرماندەیی لە فەرماندەی مەفرزەوە بریووە تا لە 1987 بووە بە فەرماندەی تیپی 53 ی شێروانە ، بەشداری دەیان چالاکی و داستانی کردووە رۆڵی دیاری بینیووە ، چەند جارێک بریندارکراوە ، بەشداری شەرِی بەرگری ئەنفالی یەک و سێ ی کردوە ، لە ئەنفالی سێ ی گەرمیان کاروانێکی گەورەی ژن و پیاو منداڵ و پێشمەرگەی لە تۆرِی ئەنفال دەرباز کردووە .

دوای ئەنفال لە گەڵ هاورێ پارتیزانەکانی گەرمیان لە گەرمیان ماونەتەوە ، سەرپەرشتی دەستە پارتیزانەکانی گەرمیانی کردووە، جیهازێکی لە چیای ئاشداغ لابوو ، پەیوەندی بە رێکخراوی شارەکان ونەوشیروان مستەفاوە هەبوو ، رۆڵی حەمە رەش و هاورێ پارتیزانەکانی لە پێشمەرگایەتی و پارتیزانی دا داستانێکی سەرەوەری و ئەفسانەیەکی شکۆی مەزنە لە مێژووی جەنگی پارتیزانی کوردستان و دنیادا . **عەبدوڵڵا کەریم ،گۆڤاری سەنگاو .**

# سەردار کێستەیی

**لە ئەزموونی پیشانگەی چیرۆکی کۆچبەریدا**

**تابلۆ**

**کاتێك ئەزموونەکان چڕ دەبێتەوەو بەرهەمی ناوازە دێتە بەرهەم، ئەو دەمە دەکرێت قسە لەسەر هەنگاوەکان و ئەنجامەکان بکرێت، بەتایبەت ئەو ئەزموونەی کە بەهیچ شێوەیەك وەکو هونەرمەندێکی ئەکادیمی هونەری نەخوێندووە، بەڵکو وەکو هونەرمەندێکی خۆرسك دەستپێکردووەو سەرەتاکانی بە کاریکاتێر بووەو توانیوێتی هەوڵەکانی هێندە فراوان بکات کە لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەکارەکانی ئەو برازێنرێتەوە، دواتریش تابلۆکانی دەبنە بەرهەمی ناو گەلەری و هۆڵ و پیشانگەو فیستیڤاڵە شێوەکارییەکان، بەتایبەت لەگەڵ هاوڕێکانیدا مێژوویەکی جوانیان لەرێگای گەلەری دهۆکەوە بۆ شارەکە تۆمارکرد.**

**سەردار کێستەیی ئەو شێوەکارەی شاری دهۆکە بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندە کە خۆی بروەی بە توانا هونەرییەکانی خۆیداوە، دواتریش لەناو فەزایەکی گەورەی دەرەوەی کوردستان ئەو ئەزموونەی بۆ فراوانترکرد ك بتوانێت گەشەکردنەکەی لەنێو کارەکانیدا بەدیبکرێت، ئەوەتا لەم پیشانگە نوێیەیدا هاتووە بە پشت بەستن بە قوتابخانەی تەجرید هاتووە یەکێك لە خەمە گەورەکانی سەر ژیانی هاوڵاتیانی پەنابەر لە وڵاتانی جیهان دەخاتە ڕوو بەمەرجێك هیچ یەکێك لەتابلۆکان بدوور بووە بەو شێوە باوە واقیعییە، بەڵکو ئەو لەرێگای رەنگەکانەوە توانیوێتی ئەو کێشەو خەمانە نیشان بدات کە خۆیی و هاوڕێکانی لەو چەند ساڵەدا بینیوویانە**

**سەردار کێستەیی لەم پیشانگەیەدا 35 تابلۆی ئەندازە جیاوازی نیشانداوە کە هەموویان لەژێر چیرۆکی کۆچبەراندا کۆکراوەتەوەو تیایدا رەنگەکانی رەش و سپی و رەساسی زۆرترین پانتاییەکانی ناو تابلۆکانی لەئەستۆگرتووە کە بە ئەندازە جیاوازەکان توانیوێتی چیرۆکە جیاوازەکانی کۆچبەران لە ساتە جیاوازەکاندا دەگێرێتەوە، هونەرمەند لەو دیدەوە هونەرمەند سەبارەت بە پیشانگەکەی لەشاری دهۆك  کە رۆژی 2022/2/20 لەلایەن بەرێوەبەرایەتی شێوەکاری دهۆك-ەوە کرایەوە دەڵێت (هەریەك لە تابلۆکانی چیرۆکی خۆشی و ناخۆشییەکان کۆچبەران دەگێرێتەوە کە بە بەردەوامی بیری وڵاتی خۆیان دەکەن و ئاوات دەخوازن کەلەناو وڵاتی خۆیاندا درێژە بە ژیان بدەن و تابلۆکان بە ستایلی تەجرید کێشراون، هەر یەك لەکۆچبەران خاوەنی دەیان چیرۆکی جیاوازە (کە هیوادارم بەم پیشانگەیە توانیبێتم بەشێك لە خەونەکانیان نیشان بدەم.**

**سەرەتاکانی کاری هونەری لەلای سەردار کیستەیی بۆ ساڵی 1994 دەگەڕێتەوەو بە هونەری کاریکاتێر دەستپێیکردو لەونێوەندەدا توانی ببێتە یەکێك لە خاوەن ستایلەکانی هونەری کاریکاتێر لەناو باشوری کوردستاندا، دواتر ئاوێتەبوونی بەدنیای تابلۆو نیگاری کوردی کارەکانی تایبەت بوون بە نیگاری ژنانی کوردو کەلەپور کە توانی رەنگ و تایبەتمەندی هێڵەکانی جارێکی تر وەکو شێوەکارێکی تایبەت خۆی بناسێنێت، بەڵام لەدوای گەشتکردنی بۆ دەرەوەی کوردستان ستایلی کارکردنەکەی گۆڕانی بەسەردا هات و ئێستا کاری تەجرید بۆتە ستایلی کارکردنی، هەرچەندە هونەرمەند بە بەردەوامی بەدوای گۆڕان و نوێگەریدا دەگەڕێت**

**سەردتار کیستەیی شێوەکار جگە لە ناو باشوری کوردستان پیشاگەی کردۆتەوە بەهەمانشێوە لەسەر ئاستە فراوانەکانی جیهان کترەکانی بوونەتە جێی سەرنج و گرنگی پێدراوە لەوانە کردنەوەی پیشانگە لەهەریەك لە (نیویۆرك، واشنتن دی سی، پەنسیلڤانیا) کە یەکێکن لەو ناوەندە گرنگ و پڕ بایەخانەی بواری هونەری شێوەکاری، ئەوەش ئەو راستەی نیشان دەدات کە ئەم شێوەکارە لەسەر ئاستە بەرزەکان کارەکانی بەرز بینراوە**



**بایۆگرافیای سەردار کیستەیی**

**.ساڵ1972 لە شاری دهۆك لە دایکبووە***

**ساڵی1994 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی کاریکاتێری * .کردۆتەوە**

**ساڵی1995 دووەمین پیشانگەی تایبەتی کاریکاتێری * .کردۆتەوە**

**ساڵی1996 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی کاریکاتێری * .کردۆتەوە**

**ساڵی 1997 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی کاریکاتێری * .کردۆتەوە**

**ساڵی1998 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی کاریکاتێری * .کردۆتەوە**

**ساڵی 2003 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی شێوەکاری لە * .شاری دهۆك کردەوە**

**ساڵی 2006 بەشداری پیشانگەی تایبەتی کاریکاتێری- * .سوید**

**ساڵی1998-2005 بەشداری سەرجەم خولەکانی گەلەری * .دهۆکی کردووە**

**ساڵی2005 بەشداری سەرجەم خولەکانی گەلەری * .کوردستان- هەولێری کردووە**

**.ساڵی2000 بەشداری خولی گەلەری زاموای کردووە***

**ساڵی 1998-2008 بەشداری زیاتر لە 25 پیشانگەی * .هاوبەش کردووە لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی**

**ـیە.ifj ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی جیهانی***

**ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان و هونەرمەندانی * .کوردستانە**

***زیاتر لە 10 ساڵە لە ئەمریکا دەژی و بەردەوامە لە کاری هونەری و چەندین پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە**



















# شکستی ڕاپەڕین وقۆناغیکی نوێ

کۆمەلێ هۆکار ڕێزدەکرێ بۆ شکستەکانی ڕاپەڕین لەوانە ئەو بیسەروبەریەو تالان و ناکۆکی حزبەکان وجاریش وایە گوایە پیلانی رۆژئاواو زۆری تر ،ئەوانە هۆکاری سادەن ،هۆکارە بنچینەییەکە ئەوەبوو بەو بارودۆخەی کوردستان:

گۆران لەسیاسەتی ئەمریکا لە دوای ریکەوتنی سەفوان و وەستانی جەنگ ،لە رۆژی 1991/2/16 پیش لیدان ج بۆش داوای لەگەل وسوپای عیراق کرد کە خۆیان دەسەلات بگرنە دەست وسەدام وحزبی بەعس لەناوببەن، کەچی لەدوای ڕاپەڕین ووتی (کاری بۆ ناوەخۆ نیەو ئیمە گاردی کۆماری لەناو نابەین )،لە 1991/3/28 دووپاتی کردەوە کە حکومەتی سەدام هەر دەکەوی بەلام ئیستا نا،بە پیی (یاداشتەکانی جیمس پیکەر)چوار هۆ وای کرد ئەمریکا سەدام لەناونەبات (1-نەوەك بەنەمانی عیراق شیعەو مەلایەکانی ئیران دەست بەسەر عیراق دا بگرن 2-ئەمریکا لەرزگارکەری کویت ببتە داگیرکاری عیراق3-دیارنەبوو ئەو داگیرکاریەش چەندە دەخایەنی و دەبوە هۆی بەکوشت دانی سەربازی ئەمریکی 4-پرۆسەی دیموکراسیش لە عیراق دروست نەدەبوو) ،بەلام بەپییی کتیبی(الخارج تحت الرماد) مانەوەی عیراق بەیەکپارچەیی ، ئەو کاتی ریتچاردهاس (راویژکاری بۆش بۆ کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاست)ووتی مانەوەی سەدام باشترە لە پارچەپارچەبوونی عیراق بۆدەولەتی شیعەو دەولەتی کورد..

ئەوانە لەلایەك لەلایەکی تر بەهۆی تالان وهەندێ کاری تری عەبەسی متمانە بە سەرکردەو هیزی پیشمەرگە زۆر لاواز بوو، شکستی ڕاپەڕینی خواروو (شیعەکان) هۆکاریکی زۆربە هیز بوو،هاریکاریەکی وابە هیز لەنێوان کوردستان وخوارووی شیعە نەبوو .

هیزیکی گاردی کۆماری ئامادە مابۆوە هەر پرۆسەیەکی سەربازی .

هێزەکانی موجاهیدی خەلق لەو ساتە میژووییانە بەشداریان کردلە دژی هەردوو ڕاپەڕینی کوردستان وخواروو ،

سونەی عەرەب وەك پیکهاتەیەکی دەسەلاتدار بەشداریان نەکرد بەلکو بوونەوە پشتیوانی هەرەگەورەی حزبی بەعس ..

دەتوانین بلێین دووبارە نەخشەی ڕاپەڕینی نوێ هەمان دیزاینی شۆڕش و بەرگریەکانی هاتنی بریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم دووبارە بۆوە ،چۆن ئەوکاتی کوردو شیعە بەرگریان لە (دارالاسلام)کردکە ئەو کاتی عوسمانی خاوەنی ئەو دارە بوو ،سونەی عربیش لایەنگری هیرشی بریتانیای کرد ،دوایش جاریکی تر شۆڕشی 1919ی کورد دژی بریتانیاو شۆڕشی بیستی خواروو هەلگیرسا ..ئەو دوو ڕاپەرینەی سەروو و خواروو هەمان نەخشەو دیزاینی وەرگرتەوە ، زیاتر لەوەش ئەو کاتیش سەرکەوتن بۆ بریتانیا ولایەنگرانیان بوو لە سونەی عرب،ئەوجارەش شکست بۆ هەردوو ڕاپەڕین واهاتەوە ،هەنگاوەکانی شکست لە هیرشەکانی عیراق بۆسەر کوردستان بەو شێوەی خوارەوە بەرجەستە بوو

سروشتی ڕاپەڕین وایە هەر ڕاوەستای نۆرەی هیزی بەرامبەر دێت ،واش هاتە دی ،بە بریاری بەرەی کوردستانی لەراپەڕین لە کوردستان ڕاوەستا، نەخشەی بەرگری یش نەبوو ،دوای سەرکەوتنی عیراق بەسەر ڕاپەڕینی خواروو ئیتر هیزەکانی عیراق ڕوویان لەکوردستان کرد ،یەکەم جار بەرەو کرکوك هاتن بە 6 فرقەی گاردی کۆماری بە هاوبەشی لەگەل هیزەکانی موجاهدینی خەلق ، لە28/ 1991 کەرکوك داگیر کرایەوە،کۆڕەوی لەوێ بەفەرمی دەستی پێکرد،لە 3/29 گەیشتە پردێ بە ئاڕستەی هەولێر لەهەمان رۆژگەیشتە قەرەهەنجیر بە ئارستەی سلیمانی ، بۆ3/30 گەیشتە قوشتەپەی نزیك هەولێر ، بۆ 3/31 هەولیریش گیراوەو گەورەترین کۆڕەو لەوێش دەستی پێکرد ،ئینجا هەمو کوردستان دەستیان بە کۆڕەوی کرد ، لەهەندێ شوێن پیش ئەوەی حکومەتی بگاتێ کۆڕەوی دەستی پێدە کرد



(کۆڕەو وەرچەرخان (بۆ ڕەهەندی دەولی

کۆڕەو بەو کۆچە بەکۆمەلە دەووترێ کە لەکوردستان ڕوویدا لە دوای شکستی ڕاپەڕین ، بێئەوەی بەبڕیارێکی ناوەندی بێت بەلکو بە بڕیارێکی گشتی میلەت بوو ، دەری خست کە پیشمەرگەو میلەت یەك گیانە ،واتە میلەت بەرپرسیارەتی ڕاپەڕینی خستە ئەستۆی خۆی ،بە پیچەوانەی چەندجارە کە تەنها لە ئەستۆی هیزی پیشمەرگە هەژماردەکرا ، وێنەکان جیهانی هەژاند ، بوە هۆی دەرچوونی چەند بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان و دۆزی کورد بچێتە دۆخێکی تری گەشەسەندوو لەسەر ئاستی دەولی ، هەنگاوە یاساییەکانی لە هەردوو نامەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە 1991/4/4 بە مۆری (کەمال خەرازی) تورکیاش لە 1991/4/3 بە مۆری (موستەفا ئکسین) بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان نێردرا لە بارەی ئەو کۆڕەوە ، فرنساش تەبەنی ئەو دۆسیەی کرد ، بەو شێوەیە لە دانیشتنی ژ:2982 ئەنجومەنی ئاسایش لە 1991/4/5 بڕیاری ژ:688 دەرکرد تیایدا لەمادەی(2) ئەو بڕیارە فەرمان لەسەر عیراق دەکا کە هەرچی مەترسی هەیە لەسەر هاولاتیان دەبێ لەناو ببرێ و سوپاکەی هەڕەشە نەبێ لەسەر کورد،لەو بڕیارە ئیدانەی عیراقیشی تیابوو ، ئەو بڕیارە بەکۆی دەنگ جگە لە(کۆبا،یەمەن،زیمبابۆی) ، بەدوای ئەو چەندبڕیارێکی تردەرچوو لە 1991/4/16هیلی دلنیایی 36 بەرجەستە بوو کەنەتوانی فرۆکەکانی عیراق لەسەرووی ئەو هێلە بپەڕێتەوە ، قۆناغێکی نوێی بۆ کوردستان وێنە دەکا .

ئەوەی ئەو جارە وایکرد ڕاپەرینی 1991 سەرەنجامی هەبێت چەند خاڵێکی بنچینەیی بوو:

یەکەم: لاوازی حکومەتی عێراق، لەجەنگی کوێت شکستی هێنابو، ئابلۆقەی ئابوری سەپێندرابوو ( بەپێ ی مادەی 39 بەندی حەوت) ، هێزی سەربازی لاوازبوو، نزیکەی 40 بڕیاری نێودەولەتی بەسەردا سەپێندرابوو، پەیوەندیەکی ناوەکی و ئێقلیمی و عەرەبی و جیهانی زۆر لاوازبو،

دووەم: لەسەر ئاستی جیهانیش یەکێتی سۆڤیەت هەلوەشایەوە و سیستەمی جەنگی سارد و هاوسەنگیەکەی تێکچوو، وای کرد ولاتی یاخی وەك عیراق نەتوانێ هەموو .کردارێك بکات

بەو شێوەیە ڕاپەرینەکە ڕەهەندی دەولی وەرگرت و تائێستاش بەردەوامە

# پارتیزان وەک زاراوەو ئامانج


ئەم زاراوەیەلەڕاستیدا بەو بەشە لەخەڵکی ڕوسیا دە وترا کەلەماوەی هێرشی ناپلیۆن ئیمپراتۆری فەرەنسا بۆ سەر ڕوسیا هێرشیان دەکردە سەر هێڵەکانی لۆجستیکی فەرەنسا (١٨١٢) ئەمرۆکە ئەو زاراوەیە بەو گروپە چەکدارانە دەگوترێ کەلە پشتی هێڵەکانی دووژمنەوە هێرش دەبەنە سەر دووژمن یەکەی بەرگری پێک دێنن لەدوای جەنگی جیهانی دووەم زاراوەی پارتیزان بەچەند تاقم لە گروپەکانی چەپ دە وترا کە بە پێی دەستوری ستالین لەو شوێنانەی کەلەلایەن ئەڵمانیەکانەوە داگیر کرا بو هێرشیان دەکردە سەر ئەڵمانەکان ..١٩٤١...١٩٤٢ هەرلەو کاتەدا پارتیزانە کۆمەنیستەکان لە سلۆ ڤاکیاو ئەلبانیاو یۆنانیشدا لەدەوری یەک کۆ بونەوە لە یوگسلافیا بەسەرکردایەتی( مارشاڵ تیتۆ) لەکانونی دووەمی ١٩٤١ دامەزران بەشێوەیەکی گشتی بەو بزوتنەوە بەرگریانە دەوترا کەلە دژی هەردوو سوپای نازی ئەڵمانی فاشی و ئیتاڵی دەجەنگان لەکاتی جەنگی جیهانی دوەم ١٩٣٩....١٩٤٥ وەک پارتیزانەکانی سۆڤیەت و یوگسلافیا هەرچەندە زۆربەی بزوتنەوە بەرگری کارەکانی ئەوروپا بەهەمان شێوازی کارکردنی نهێنی و ژێر زەوی پەیوەندی کردن بە ڕێخستنەکانیان جەنگی یاخی بوون لێدانی خێراو گورز وەشێن بەر گریان دەکرد بەڵام هەر گروپەو ناز ناوی خۆی هەبو لە کوردستانیشدا بەو مەفرەزەو دەستەو ڕەتڵو ڕستانەی پێشمەرگە دەوترا کە لە دوای شاڵاوی ئەنفال بە ئارەزوی خۆیان لەناوچە کاولکراوەکانی خۆیان مابونەوە یان لە ڕێگای سەر کردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە ئەرکی پێک هێنانی مەفرەزەی تایبەتیان پێ سپێردرا بۆ ناوچە داگیر کراوەکان و دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕێخستنەکان درێژە پێدانی چالاکی پێشمەرگانە لە سنورە جیا جیاکانی تیپەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان .. ئامانجی پارتیزانی بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و ناوچەیی جیاوازە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هەڵوەستە لەسەر ئامانجە دیارەکانی پارتیزانی بکەین . بەدەست هێنانی زانیاری و کۆ کردنەوەی داتاو ئاماری دروست لە سەر دووژمن لەبواری سەربازی و مرۆی جوڵەو بزاوتەکانی تاوەکو لە بەرژەوەندی چالاکیەکانیان بەکاری بهێنن و بتوانن لە ڕێگەی ئەم زانیاریانەوە زۆرترین زیان بە دووژمن بەگە یەنن. لە ڕووی پچڕاندنی پەیوەندیەکانیان سوتاندنی زەخیرە ئازوقەو جبەخانەکانیان لێدانی کتوپڕو خێراو یەک لای کەرەوە لە مۆڵگەکانیان لێدانی خاڵی سترا تیژی دووژمن یان کارو ئامانجێکی تری پارتیزانی بریتیە لە جەنگی دەرونی و بڵاو کردنەوەی دڵە ڕاو کێو ترس لە دڵ و دەرونی دوژمن بەڵام جۆری پارتیزانی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نمونەیەکی نوێی خەباتی پارتیزانی بوو لە شەڕی پارتیزانی دنیادا وێنەی نەبوە چونکە هەمیشە لە جوڵەو جێگۆڕکێو خۆحەشاردانداا بون تەنیا ڕژێم هەستی بە بونیان دەکرد و نای دەتوانی بیان بینێت بەردەوام بەدوایاندا دەگەڕان ئەم جۆرە لەخەباتی پارتیزانیەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جەنگێکی دەرونی هەتیاری لای دووژمن دروستکردوو لەدوای ڕووخان و کاولکاری لادێکانی کوردستان تەنها حزبێک بەخەباتی پارتیزانی بەرەنگاری گەورەترین دیکتاتۆری سەدە بویەوە یەکێتی نیستیمانی کوردستان بوو کە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک قارەمان و گیان فیدای بونە قوربانی لەپێناو خەک و خەڵکی کوردستان....

**عبدالله سەنگاوی**



# دەقی بروسکەیەک لە نەوشیروان مستەفاوە بە بۆنەی ئازادکردنی کەرکوکەوە لە ٢٠-٣-١٩٩١

لە نەوشیروان مستەفاوە
بۆ جەماوەری گەلی کوردی قارەمان
بە بۆنەی ڕزگارکردنی شاری داگیرکراوی کەرکوکەوە لە دەسەڵاتی پیسی بەعس،پیرۆزبایی لە گەلی کوردو هەموو نەتەوەی کورد ئەکەم کە ڕۆژێ بەر لە نەوروز هێزی پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری ڕاپەڕیوی کورد،پشت ئەستور بە یارمەتی خوای گەورەو لێبرانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان توانی شاری پیرۆزی کەرکوک لە دەسەڵاتی پیسی بەعس ڕزگار بکەن بەم بۆنەیەوە کە ڕۆژێکی مێژوویی و تاجی سەرکەوتنی کردە سەری ڕاپەڕینی گەلی کورد لە عێراق دا داوا لە میلەتەکەمان ئەکەین کە بەیەکگرتن و یەکێتی ڕیزەکانی و بە وریایی و هوشیاری پارێزگاری ئەم سەرکەوتنە بکەن.
بۆ ئاگاداری خوێنەران سەرچاوەی ئەم بروسکانە هەمووی لە لای کاک نەوشیروان پارێزرابوون وە لە سەر سی دی هەڵگیرابوون ،ماوەیەک لەمەو پێش کاک بەختیار مستەفاو کاک خالید حسێن بە چاپیان گەیاند بە ناوی تۆڕی پەیوەنییەکانی پێشمەرگە لە شاخ.[سندوقەرەشەکەی پێشمەرگە]



## قەرەجێکی بێ ناسنامە.. شەماڵ بارەوانی

لەدوای تۆ
بەرگی پەراگەندەییم
پۆشی و
بووم بە قەرەجێکی
بێ ناسنامە

لەشەقامەکانی ئاوارەییدا
لەگەڵ تەنیایی
لەبازنەی وێڵیدا دەسوڕامەوە

هەر ڕێگەیەکم دەگرتەبەر
دەڕۆشتەوە سەر خەرەندی
خەم
و
نەمدەزانی سکاڵای
ئەم دەربەدەری
و
ناڵەی عەزابی ئەو کۆچەریەم
بۆ کوێ بەرم

هیچ باڵکونێک
ئینجانەی شیعرەکانمی
لە ئامێزی خۆی نەلاواندەوە
و
هیچ کیشوەرێک
نازی نامۆیی هەڵنەگرتم

هیچ سنوورێک ڕێگەی نەدام
ڕەشماڵی غەریبی لەقەراخیا هەڵدەم
و
هیچ تاراوگەیەک لەخۆی نەگرتم

هۆنراوەکانم
بەدەست ئازاری دابڕانەوە
وەرزی بێ ئومێدییان داگیرساند
و
خەونەکانم بەدەم تلانەوە
لەکەناری غوربەتدا
بەبێ نازی سەریان نایەوە

باهۆزی خەمێکی
بەهێز هات

مۆمی ئاواتەکانی
کوژاندمەوە
و
دووبارە
کەرتی بێ ئۆقرەیی
بووژاندمەوە


فرمێسکی کرد بە ناو نیشانم
و
مەوسمی پاییز
بە نیشتمانم





## ڕوسورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

مرۆڤێک لەخەبات و تێکۆشان ،پیاوێک لەهەڵوێست و ئارامی و جوانی کاکە یاسین عوومەر ،پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانی خەبات و سەنگەرێکی چۆڵنەکراوی وولات بوو،.
کاکە یاسین عوومەر ساڵی ١٩٥٨ لەشاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە تێکۆشەرێکی شارو شاخ و ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی پێشمەرگەوەو لەکەرتی ٢ دووی تیپی ٣٧ ی شارباژێر بووە بە پێشمەرگە ،نمونەی جوانی و پاکی و خەبات بوو ،خۆشەویستی خەڵک و پێشمەرگە بوو ، مخابن ١٠/٩ -٤-١٩٨٥ لەکەناروێ چووە کاروانی نەمرانەوە شایەنی باسە چەند براو کەس و کاری تری لەهەمان کاتدا پێشمەرگە بوون ئەوەی لەوێنەکەشدا دەرچووە وێنەی کاکە یاسینی هەڵگرتووە کاکە شابازی برایەتی ئەویش تێکۆشەرێکی دێرین و پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەربوو بەهیوای تەمەن درێژیان و درود بۆ کاکە یاسین ڕەوانی پاکی شاد /ڕزگارەسوور



# ئەمشەو تەنیایی دادەگیرسێنم..شەماڵ بارەوانی

ئەمشەو
لەگەڵ بێدەنگی شەوەزەنگدا
بەدەم ژەنینی فلوتی ئازار
و
بەباکردنی جگەرەی خەمەوە
شەوێکیتری تەنیایی دادەگیرسێنم

ئەمشەو
ئینجانەی بەختم لەسەر باڵکۆنی
تەنیایی درز دەبات
و
تەرمی خەونەکانم
لەگۆڕستانی عەدەم
دەچێنم

ئەمشەو
نە کۆترێک گمەی دڵخۆشی
لەسەر پەنجەرەی بێتاقەتیم
دەخوێنێت

نە نەغمەی بولبولێک
نمەی بارانی بێزاریم
دەڕەوێنێتەوە
و
نەشنەبای نەسیمێکی تەڕ
پەردەی هیلاکیم دەلەرێنێتەوە

ئەمشەو
ئستاتیکای وشەکانم
دەبن بە تراویلکەو
و
ئەدرەسی هەموو هۆنراوەکانم
دەچنەوە سەر نەسەبی هەڵوەرین

ئەمشەو
دوا فەسڵی خەونەکانمە
و
تنۆکێک بزەم نامێنێت
بۆ فانۆزی پێکەنین

ئەمشەو
شەپۆلێک خەمی سەرشێت
لەپێدەشتی دەروونما
دادەکات
و
هێشووی هەنگاوەکانم
دەبن بەبەرد
ئەمشەو
شیعرەکانم
کاژی چاوەڕوانی
فڕێ دەدەن
و



ڕوخساری دێرەکانم
ئاوێتەدەبن بە باوەشێک گەڵای
ڕەنگ زەرد

ئەمشەو
هاژەی ڕووباری خۆزگەکانم
دەخنکێن
و
زۆربای ڕۆحم
مەیلی سەمایەکی خەمناک
دەکات

ئەمشەو
مەوسمی بەهار
هەرێمی دڵم جێ دێڵێت
و
وەرزێکیتری پاییز
دەست پێدەکات

ئەمشەو
جۆگەلەی هیچ ماچێک
کانی مەراقم بەسەرناکاتەوەوە
هەواری تامەزرۆییم
تەڕناکات

ئەمشەو
ئاوێنەی ئاواتم
دەشکێت
و
کزەبای
هیچ هەناسەیەک
لەتابووتی جەستەما
هەڵناکات

ئەمشەو
باڵندەی ئومێدم
بە بێ نازی سەردەنێتەوە
و
دووبارە کاروانێکیتری
سەراب
بەرەو هەیوانی تەنیاییم
دێتەوە

# ئارشیفی لەبیرچوونەوە.. شەماڵ بارەوانی



وەرە با
هەنسکەکان
بە سنووری فەنابوون
بسپێرین
و
شەقامی چاوەڕوانی
بەپیاسەی ئامێز
ئاوەدانکەینەوە

وەرە
با کەرنەڤاڵی ماچ بگێڕین
و
هەموو بزەو وەریوەکانمان
کۆبکەینەوە

وەرە
با شوشەی فیراق
بە بەردی ویساڵ
هەپرون هەپرون کەین
و
ئەو نیشتمانەی مەراق
لەبێتاقەتی بەتاڵ کەینەوە

وەرە
با پاشماوەی
بیرەوەریەکان تەواوکەین
و
ژێلەمۆی دووری
بکوژێتەوە

وەرە
بەر لەوەی
وەزری پیری
لەسەر درەختی تەمەنم
چرۆبکات
و
مانیفێستی ئاواتەکانم بەنیوە ناچڵی
سەربنێتەوە
وەرە
با
خەمەکان دەمکوت کەین
و
شەپۆلی ئازارەکانمان
ببڕێتەوە

وەرە با
ماچی ئشتیها
لەترۆپکی تامەزرۆیی
داگیرسێنین
و
چرۆی ئەو هەموو
حەسرەتە کاڵبێتەوە

وەرە
با
دۆسیەی دابڕان دابخەین
و
تەرمی تەنیایی
لەئارشیفی لەبیرچوونەوە
بنێژین
و
چیتر
فرمێسک بۆ فیراق
نەڕێژین








# ئایا رووسیا ئاگاداری هێرشە مووشەکییەکەی سەر هەرێمی کوردستان بووە؟

شاعیری گەورەی فەلەستینی "مەحمود دەرویش" لە قەسیدەی " العصافیر تموت في الجلیل" دێڕێکی پڕ واتای هەیە کە " مارسیل خەلیفە" کردویەتی بە گۆرانی و ئەڵێت:"إنني أرتشف القُبلَة من حدّ السكاكين"- واتە: من تواناى هەڵلوشین و ڕاکێشانی ماچم هەیە لەوکاتەی خەریکن لێوم ئەبڕنەوە بە تیغێك، لەوپەڕی نارەحەتیداو لەو دیوی چەقۆکەوە توانای کەمەندکێش کردنی ئەوەی کە ئەتەوێت رێك ئەوەیە کە لە کۆنەوە وتراوە " سیاسەتە هونەرە". توێژەر یان سیاسیی بیر تیژ پێویستە بزانێت لەودیوی دیوارەکەوە، لەودیوی چەقۆکەوە چی هەیە، بۆ ئەوەی بزانێت "ئەم ڕووداوانە بەرەو کوێ ئەڕۆن؟". باسکردنی ڕابردوو، وە ئێستا هونەرێکی ئەوتۆ نییە، چی بکەین بۆ داهاتوو ئەرکە سەختەکەیە، خۆ-ئەگەرنا لە هەر ولأتێك سواری تەکسیەك ببەو شۆفێرەکە هەموو دۆخی ئێستاو ئەوەی هەیە بە جوانی شرۆڤە ئەکات.

هاویشتنی (12) مووشەك لە خاکی ئێرانەوە بۆ خاکی عێراق، پێکانی چەند ئامانجێك کە گوایە بنەو بارگەی ئیسرائیلی لێیە تەنانەت جێگەی باوەڕی سەردارانی سوپاو نوخبەی سیاسیی ئێرانیش نییە. بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە:

- پرسی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان و دوایین گۆڕانکارییەکان لە هێڵی بۆڕی گازو بە کارەبایی کردن (Electrification) لە سنوری دەریای سپی ناوەڕاست (میدیتریانە-Mediterranean). لە زیهنی ستراتیژیی ئەو وولاتانەدا نەوت و گازی کەرکوك و هەرێمی کوردستان کوتلەیەکە ئەبێت سەری لەناو خوانی دەریای سپی دا بێت بەرەو ئەوروپا. ئەوەش هۆکاری هەرە سەرەکی پشت بایەخدانەکانی فەرەنساو ئیتاڵیاو یۆنانە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا.
- پرسی دانوستاندنەکانی ئێران لە ڤیەننا، هەروەها لەگەڵ سعودییە ئەنجامێکی نەبو، سەرباری ئەوەش لە عێراق نەیانتوانی بۆشایی و نەبونی قاسمی سولەیمانی لە گۆڕەپانەکەدا پڕ بکەنەوە، شکستیان هێنا لە بەرەو پێش بردنی ئەجنداکانی خۆیاندا، بەڵکو عێراق بەرەو ئەوە ئەڕوات باس لەوە بکات کە پێویستە ڕەگی خۆی لەناو خودی خۆیدا بێت.

ئەمانەی سەرەوە، تەنها هەندێ فاکتن، کە بۆی هەیە شۆفێری تەکسیەکەش شتێکی لێ بزانێت، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە لە بارەی ئەو مووشەکانەی کە گیرانە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەوەیە: ئایا ڕووسیا لە پشت ئەو مووشەکبارانەوە وەستاوە یان بە ئاگاداری ڕووسیا ئێران ئەم کارەی کردووە؟

بە بڕوای من، بەڵێ، چونکە:

- ئێران و ڕووسیا دوو هاوپەیمانی ستراتیجی یەکترن، یەك پرس و یەك دوژمنی هاوبەشیان هەیە.
- پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئیتلاعات و کەی جی بی دا هەیە
- لەگەڵ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی دا لە ساڵی (2011) چەندین وەفدی باڵای ئێران سەردانی "کرملن" یان کرد لە نێویشیاندا " قاسمی سولەیمانی" داوایان لە ڕووسیا کرد کە دەست لە سوریا وەربدات، واتە لە سەر داواکاری ئێرانە ڕووسیا هاتوە بۆ سوریاو ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەو مینای تەرتوسی بە دەستەوە گرتوە.
- بەڵێ ڕووسیا ئاگاداری ئەو مووشەکانەیە، چونکە هێڵی بۆڕی نەوتی کوردستان (40%) ی سەرپەرشتیکارەکەی "کارگروپ" ە کە شێخ باز بەرزنجی خاوەنداریێتی ئەکات، (60) ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیای "رووش نەفت" ی ڕووسی. هەرگیز ڕووسیاو ئێران خۆشحاڵ نین لە دەرەوەی ئەوان لایەنێکی تر گازی سروشتی و نەوت بۆ خۆرئاوا دابین بکات.

سوریا کۆتا وڵاتە لە خوارەوە ئەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، گازی سروشتی و نەوت بەرێژەی (85% بۆ 91%) ی ئەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە (واتە ناوچە کوردییەکان). بەمەش ئێران دە ساڵە خەریکی گۆڕینی ئیتنۆ-گرافیای ئەو ناوچانەیە کە عەلەوییەکانن، هەروەها ڕێگرن لەوەی کورد وهێڵی بۆڕییەکەی بەرەو دەریای سپی بچن.

**بەهرۆز جەعفەر**
**سایتی زەمەن**



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## سەروەری

## شەهیدی سەرکردە کاک عبدالرزاق مەلاشاخی













ئەگەرچی هەقاڵ عەبدالرزاق لەنێوخزمانی خۆمان لە گوندەکانی (ئۆمەرگومەت)و(مەرزیخە)ی ناوچەی (شێخ بزێنی) تەمەنی منالی ولاوی بەسەربردبوو، بەلام لەوسەردەمەدا یەکترمان نەدەناسی..
یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٣ لەکەرکوک یەکترمان ناسی.
هەر هەمان ساڵ لەرێگای ئەوەوە لە (ئوتێل ئاشتی) لە پاڵ بانکی رافیدەین کەدەکەوتە بەرانبەر(چایخانەی مجیدیە) رێبازی (کۆمەڵە)م ناسی.
کاک عەبدولرەزاق لەکاری رێخراوەیی و پێشمەرگایەتی دا نموونەی دڵسۆزی و ئازایەتی و جوامێری بوو لەسەردەمی پێشمەرگایەتیشدا هەمیشە وەک سەرکردەو فەرماندەجێی ئومێدی کەرکوکیەکان و هەولێرییەکان و هەموو دڵسۆزانی(ی.ن.ک)بوو.
لە رۆژی ٢٨-٣-١٩٩١ لە(باجوان)ی رۆژئاوای کەرکوک لە بەرگرییەکی قارەمانانەدا گەیشتە کاروانی شەهیدان روحی شاد

* ژیاننامەی شەهید
ـ عبدالله محمد عمر
ناسراوبە (عبدالرزاق)
ـ ساڵی 1948لەگوندی(ئۆمرگومەت) ناحیەی(سێگردکان)لە دایک بووە.
ـ سەرەتا لەگوندی (مەرزیخە) لەلای باوکی (قورئان و ئەحمەدی)دەخوێنێ..
دواتر دەچێتە (هەولێر)و لە قوتابخانەی ئاینی دەست بە خوێندن دەکات،
ـ قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات..
- ساڵی 1967 بۆدرێژەدان بەخوێندن دەچێتە شاری کەرکوک
ـ قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات..
بەڵام شانبەشانی خوێندن بۆ دابینکردنی بژێوی لەناو(فندق سلام)کە دەکەوتە تەنیشت بانکی رافیدین.
چایخەنەیەک دادەنێت..
لێرەوە دەست بەکاری سیاسی دەکاتەوە.
ئەوهاورێیانەی هاتووچۆیان دەکردو بە بیروباوڕی (کۆمەڵە) ئاشنابوون بریتی بوون لە :
(عەلی بچکۆل،فەریدون عبدالقادر،ناسیحە سوور،مەلاشاخی...)
جگە لەم هەڤاڵانە سەرەوە بەهۆی نزیکی لەگەل شەهید (مامۆستاقادرمەلاعومەر گومبەتی) کاریگەریان بەسەریەکەوە هەبوو.
ـ شەهید عبدالرزاق
لەسەرەتای لاویەتییەوە پەیوەندی کردبووبە(پارتی)یەوە وەیەکێک بوو بوو لە لایەنگرانی باڵی (م.س).
- ساڵی 1974 پەیوەندی کردبوو بە شۆرشی ئەیلوول و
- دەبێتەپێشمەرگە.. لە گەرمیان و شارەزوور ..
- دوای نسکۆی 1975 دەگەڕێتەوە کەرکوک و هەولێر.
بە نهێنی درێژە دەدا بەکاری سیاسی لەناو(کۆمەڵە)دا.
- ساڵی 1976لەگەڵ(شوکریەخان) هاوسەرگیری دەکات و خێزان پێکەوە دەنێ..
ـ دەست بە کار وکاسبی دەکات.
- ماڵەکەی دەبێتە مەکۆی کاری نهێنی بۆ (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی 1977 بەهۆی ئاشکرابوونی چەند هەڤاڵێکی دوای(اعتراف)کردن لەسەری
لە شارۆچکەی مەخموور دەسگیر دەکرێ، نۆمانگ بێ سەرشوێن دەبێت.
پاشان هەواڵی دەزانن کە لە(هیئەی خاصە)ی کەرکوکە..
دوای ئەوەی چەند هەڤاڵێکی لەسێدارە دەدرێن، بەهۆی خۆڕاگرییەوە لەژێر ئازاروئەشکەنجە و.. هیچ نەدرکاندنی.. ماوەی(10) ساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوەو رەوانەی (ابوغریب)ی دەکەن.
لەکۆتایی ساڵی 1979 بەهۆی لێبووردنی گشتی یەوە ئازاد دەکرێت.
ـ دوای گەڕانەوەی بۆ(هەولێر) بێ گوێدانە چاودێریکردنی لەلایەن سیخوڕەکانی رژێمەوە، ژیرانە درێژە دەداتەوە بە کاری رێکخستن و سەرپەرشتی بەشێک لەرێکخستنەکانی هەولێر دەکات.
ـ شەهید لەساڵی 1984 لەسەر داوای سەرکردایەتی کۆمەڵە دەچیتە شاخ و دەکرێتە بەرپرسی (رێکخراوی 2 ی هەولێر) کە بارەگاکەی لە گوندی(توتمێ)ی خۆشناوەتی بوو..
ـ ساڵی 1988 لەدوای ئەنفالەکان لەکاتی پاشەکشێکردنی(ە.پ.ک) بۆ سەرسنوورەکانی ئێران،. بەخێزانەوە لەشاری (مەهاباد) دەگیرسێنەوە..
لەکاتی شەهید بوونی خێزان ومناڵەکانی هەر لەوێ مابوون و (20 ) رۆژ دوای شەهید بوونی هەواڵیان زانی بوو..
- شەهید چوار جگەرگۆشەی بۆ نیشتمان بەجێهێشتووە : (هەڵمەت،تارا،تۆڵە،ئالان)
- بەداخەوە لە رۆژی 28\3\1991 لە گوندی(باجوان) لەنزیک کۆمپانیای نەوتی کەرکوک شەهید کرا..
- پاش گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ رژێم لە نیسانی 1991 تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ گۆڕستانی(دارەتوو)ی هەولێر..
هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی

# «یادداشتەکانی کیژۆڵەیەك»

بە یەکێک لەکاریگەرترینی کتێبەکانی سەدەی بیستەم دێتەژماردن لەجیهاندا. ئەو کتێبە دانسقەو کەم وێنەیە بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان هاتوەتە وەرگێران و هەر بە تەنها لەبواری ئەدەبدا، سەرکەوتنێکی مەزن و بێ وێنەی تۆمارنەکردووەو لەو بوارەدا خۆی قەتیس نەکردووە، بەڵکو خۆی خزاندوەتەوە نێو جیهانی فیلم و سینەماو شانۆوە بوەتە سەرچاوەی دەیان شانۆو فیلمی سینەمایی.

«یاداشتەکانی کیژۆڵەیەك».

یاداشتەکانی(ئان فرانك) کچە بەرەگەز جووە،

ئان لەو یاداشتنامەیەدا بەسەرهاتی ژیانی خانەوادەکەی و تراژیدیاکانیان لەژێر دەسەڵاتی نازیزمدا دەگێرێتەوە، باس لەو مێژوە رەش و چرکەساتە بە ئازارانە دەکات، کە چۆن کاتێك نازییەکان دەگەن بە سەڵات، لەساڵی١٩٣٣، هەستی رەگەزپەرستی نازیزمی و دژە جوێتی دەگات بە لوتکەو جوەکان چۆن و بە چ شێوازێکی نامرۆڤانەو دڕندانە ڕووبەڕووی جیاکاری ڕەگەزی و پاکتاوی ڕەگەزی دەبنەوە لەلایان نازیزمەکانەوەو ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری بە تایبەتی لەکاتی دووەم جەنگی جیهانیدا(١٩٣٩-١٩٤٥)دەگات بە ترۆپك و جوەکان لەدەرەنجامی ئەو هەستە ڕەگەزپەرستیە، لەهەموو ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی کەنازییەکان دەستی بەسەردادەگرن و داگیری دەکەن، لەکەمپەکانی کاری زۆرەملێ و کوشتن و جینۆسایدکردن کۆدەکەنەوەو زۆر وەحشیانەوەو هۆڤانە، کاری بە زۆریان پێدەکەن و دەیانچەوسێننەوەو برسیان دەکەن و لێیان دەدەن و هۆلۆکۆستیان بۆ دەخوڵقێنن و بە ملیۆنانیان لێ کۆکوژدەکەن!

ئان فرانك لەڕێگەی ئەو بیرەوەریانەیەوە، لاپەڕە ڤێزەون و سکانداڵەکانی نازییەت و کارە بەربەریەکانی هیتلەر بۆ مرۆڤایەتی یاداشت و دۆکیۆمێنت دەکات. لەڕێگەی ژیانی خانەوادەکەیەو هەزاران خانەوادەی تری جو، باس لەدۆخی دۆزەخی ژیانی هەموو جوەکانی ئەو ساتەی ژێر دەسەڵاتی تۆتالیتارانەی حیزبی نازیزمی فاشیست دەکات، کە لە چ دۆخێکی تراجیدیك و مەرگەساتاویدا دابوون، چۆن ڕوبەڕووی لێدان و سوکایەتی و ئازاردان و بێ ڕێزی و دەستدرێژی و کاری قورس و مەرگ و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، تەنها تاوانیشان ئەوەبووە، جوو بوون.

ئان کاتێک نازیەکان دەسەڵات دەگرنەدەست، تەمەنی تەنها چوارساڵ دەبێت و ئەو لەساڵی ١٩٢٩لەدایکدەبێت و لەتەمەنی شانزە ساڵیداو لەساڵی١٩٤٥لە سەربازگەی زۆرەملێ و مەرگی نازیەکاندا، لەکەمپی(ئۆشفیتس)لە پۆڵەندا بەهۆی نەخۆشی تیفۆوە دەمرێت.

ئان فرانك لە١٢ی یۆنیۆی ساڵی١٩٤٢دەستی بەنووسینی یاداشتەکانی کردووەو تاکو ٤ی ئۆگۆستۆسی ساڵی١٩٤٤، ئەو ڕۆژەی لەلایان گێستاپۆی نازیەکان خۆی و تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەی و هەموو ئەو جووانەی لەگەڵیان دەبن، دەگیرێن و دەست بەسەردەکرێن و دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکانی کاری زۆرەملێ و سەربازگاکانی تۆقاندن و مەرگ و مردن.

خانەوادەکەی ئان فرانك کاتێک نازیەکان لەئەڵمانیا دەگەن بە دەسەڵات و سیاسەتی هەستی دژە جوێتی و چەوسانەوەی جوەکان وەکو پرنسیپ دەگرنەبەرو پێڕەوی سەرکوتکردنی جوەکان دەکەن، ئەوان ناچار دەبن، لە ساڵی١٩٣٣ بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنێکی ئارام و سەلامەتی دوور لەچنگی دڕندەیی نازیەکان، لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیاو لەهەرێمی فایمار، بەرەو شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا ڕابکەن و ڕوو لەو وڵاتە بکەن و لەوێ بگیرسێنەوە. ئەفسوس ئارامیەکەیان و سەلامەتیەکەیان هێندە ناکێشێت و هێندە نابات، کاتێک نازیەکان بەشێك لەوڵاتانی ئەوروپا داگیردەکەن، هۆڵەنداش لە بەدبەختی ئەمان یەکێک دەبێت لەم وڵاتانەو نازییەکان شاڵاوی هێرشی دادەگیرکاری بۆ دەبەن و لەساڵی ١٩٤٠، داگیری دەکەن. بۆیە ئەوان دووبارە ژیانیان ڕوبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوەو ناچار دەبن لەگەڵ هەموو ئەو خێزانە جوانەی تر کەلەگەڵیاندان خۆیان لەژێر زەمینی ئەو باڵەخانەیەی کە تێیدا دەژین حەشاردەن، ئەوان بەو شێوەیە بۆماوەی دووساڵ لە ترسی نازیەکان خۆیان حەشارەدەن و لەژیانێکی پڕی لە ترس و دڵەڕاوکێ و لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر قورس و کولەمەرگی و چەندە سەختدادەبن تا ئەوکاتەی نازیەکان دەیاندۆزنەوەو شوێنیان ئاشکرادەکەن و سەرەتا دەیان بەن بۆسەربازگەی زۆرەملێی(بێرگن بیلسن) لە هۆڵەندا، دواتر دەیانگوازنەوە بۆکەمپی (ئۆشفیتس). لە پۆڵەندا،

ئان لەساڵی ١٩٤٥لەو کامپە نامرۆڤانەیەی نازیەکان بەهۆی نەخۆشی تیفۆوە گیان لەدەستدەدات ،لەو سەربازگەیەی هەموو خانەوادەکەشی و زۆێک لەجوەکان بەهۆی هەمان نەخۆشیەوە گیان دەسپێرن، تەنها( ئۆتۆ فرانك)ی باوکی تاقە دەرچوو و ڕزگاربووی خانەوادەکەی ئان دەبێت، کە لەمەرگ ڕزگاری دەبێت. ئەوباوکەی دواتر یادداشتەکانی(ئان)ی کچی لەساڵی ١٩٤٧، بڵاودەکاتەوە،

ئان پێش مردنی ئەو لەجەژنی لەدایکبوونی ئەو یادداشتە بە دیاری دەدات بەباوکی، تاوەکوی باوکیشی دواتر بیکات بە دیاری بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ماوەتەوە بڵێم:


«یاداشتەکانی کیژۆڵەیەك».

ئایکۆنی ئازارەکانی جووەکان و بەرجەستەکەری تراژیدیاکانی کۆمەڵێک ئینسانە، کەتەنها تاوانیان جوبوونیانە.

«یاداشتەکانی کیژۆڵەیەك»،

ئیدانەنامەو سەرکۆنەنامەی بیری فاشیەت و ڕەگەزپەرستیە.

«یاداشتەکانی کیژۆڵەیەك».




تراژیدیانەمەیەکی خەفەتناك و ناخ هەژێنەو خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا، هەست بە بێ تاقەتیەکی بێ ئەندازەو دڵ گوشین و بێزاریەکی زۆر دەکات و بێ ئیرادەی خۆی فرمێسک لەچاوەکانی بەلێزمە دێنەخوارو لەسەرگۆنای ڕێچکە دەبەستن و خەم و ئازارێکی زۆر بەسوێ وتاڵ، هەموو گیانی دادەگرێت.

ئەو خەم و ئازارەی سەد ساڵ زیاترە، ئێمەی کوردیش بەهۆی عەرەب و تورك و فارسە ڕەگەز پەرست و داگیرکەرەکانەوە، وەک جوەکان بووەتە بەشێك لەژیانمان،

نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەی جوو ئەرمەن، ئازارەکانمان یەك و هاوبەشن، ئێمە ئەنفال و جو هۆلۆکۆست و ئەرمەنەکانیش کۆمەڵکوژی، هەرسێک نەتەوە لەسەدەی بیستەم لەسەر دەستی سێ دڕندە، ڕووبەڕووی سێ گەورەترین پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژی بووینەوە، کورد لەسەر دەستی بەعسی فاشی، ئەرمەن لەلایان عوسمانیەدڕندەکانەوەو جویش لە لایان نازیزمە هۆڤەکان.

گەر چی ئەرمەن و جو، دواجار کران بە دەوڵەت و چیتر هەڕەشەی کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی زمان و ناسنامەو شێواندنی فەرهەنگ و کلتورو داگیرکاری و دابەشکاری خاك و پاکتاوی ڕەگەزی و پەراگەندەیی و ئاوارەیی و پەرشوبڵاوی و بێ خودانیان لەسەر نەماوە وەکو ئێمەی کورد. بەداخەوە کۆمەڵی نێو دەوڵەتی لەمەیان دووفاق و دوو ڕوو و دەبڵ مۆڕاڵن، لەگەڵ نەتەوەی کورد. ئەمەی بۆ هەردووک نەتەوەی جو و ئەرمەنیان کرد بۆ کوردی ناکەن! سەد جار پیرۆزیان بێت و مافی خۆیانەو زۆر دڵخۆشین کەئازارو موعانات و کۆمەڵکوژیان کۆتایی پێهات و بوون بە دەوڵەت و لەسەرگەردانی و ئاوارەیی و دەربەدەری ڕزگاریان بوو.

وەلێ خۆزگە ئیتر بەجدی ئاوڕیان لەکوردیش دەدایەوەو ئەوەی بۆ براو خوشکەکانمان لەجوو ئەرمەن بەڕەوایان بینی و ئەنجامیاندا ، بۆئێمەی کوردیش بەڕەوایان دەبینی و چیتر لەگەڵ پرنسیپەکانی خۆیان ڕاستگۆدەبوون و لەچنگی کەڵبەی دڕندەیی عەرەب و تورك و فارسە شۆڤێنیەکان، لەهەڕەشەی پرۆسەی تەعریب و بە تورککردن و بەفارسکردن و داگیرکاری و سڕینەوەی ناسنامەو زمان و شێواندنی فەرهەنگ و کلتور و پەتی سێدارەو بەندیخانەو ئاوارەیی و دەربەدەری و لەم بێ دەوڵەتی و چەندپارچەیی و چوارپاچەییە ڕزگاریان دەکردین.

..


**شەماڵ بارەوانی**

# نوێترین شێعری عەبدوڵا پەشێو بۆ "کەرکووک"



ئەوەی لەم لا "قودس"تان بوو
لەولا "دڵ"تان
وا لە سایەی تەخت و تاجی ناو زبڵتان
بۆتە مانگای هەمیشە گوان پڕ نەوت و خوێن
بڕیوە بۆ قەوچە قەوچ و کەف و کوڵتان
چما "کەرکووک" چۆتە سەر مانگ تا بێتەوە؟
یا سوور بووە وەکوو مێشکی کاڵ و بڵتان
کەرکووک ڕەگە و دانابڕێ
خۆتان لە ڕەگ دابڕاون،
لک بە لک و
چڵ بە چڵتان
گڕکانی ڕق هاتۆتە جۆش
ڕق لە خۆتان
لە کاژەڵەی کەللەی کلۆر،
لە فایلتان...
لە پردی سیراتی دێگەڵە
لە بارەگا و بنکە و منکەی
سەر مەرمەڕی بنکاولتان
لە پەرژینی باخ و مەزرا
لە دیواری حەرەمسەرای بێ ژماری قل بە قلتان
لە پۆز لێدان،
لە زمانی لووشکەوەشێن
لە گفتاری بێ هەوساری کام و کولتان
کەی بەربینمان بەردەدەن کەی؟!
حیلکەحیلک و موسەلسەلی کۆبوونەوە و
گەرد و خولتان...
کەی دوایی دێ زرمە زلێی تۆم و جێری
پایبەست دەکا گرمەی ئاشی چەنەی شلتان
کەی شاشەکان دەسێننەوە
لە دەستگێڕ و دەڵاڵانی
دەرپێی مێژووی گەڕ و گولتان
دوای چارەتان
بە سەد ساڵیش دەرباز نابن ئاو و هەوا
لە دووکەڵ و تەپکە و سلتان
شێعر نالێم،
زاربەند بۆ دەم دەهۆنمەوە
شیش بۆ قەفەس دادەڕێژم،
تەوق بۆ ملتان
ڕەگی حەمرین وا جۆش دەدەم... بقریشکێنێ؛
گوو بە خۆتان،
گوو بە ماددەی سەد و چلتان!

#پەشێو ٢٠١٦










# هەڵویستی هونەرمەند قادر کابان

شەوی 6- 7 / 2 / 1981 کەمال محەمەد ئەمین ، لە دەرەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ، یەکسە دەرگا کرایەوە ،هێزێکی چەکداری ئەمنی بینی ناو حەوشەو سەربانیان گرتبوو ،هیچ بوارێکی دەرچوونی نەبوو.

ئەو هێزە ی ئەمن ، شەوی 5-6 / 1991/2 (خدر عەلی کاکل ی خاوەن ماڵ و مەلا بەکرو نەورۆز سدیق شاوەیسیان دەسگیر کرد بوو.

چەکدارەکان کەمال یان بە چاوبە ستراوی برد بۆ ئەمنی سلێمانی ، ماوەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوە ، ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا ، دوای مانگێک ،ڕۆژێک هونەرمەند قادر کابانیان هێنا بۆ ئەمنی سلێمانی،جلێکی جوان و قاپوتێکی ڕەشی لە بەردا بوو ، لەگەڵ جوتێ پوتی قاوەیی، لە ناو زیندانییەکان دا ،تەنیا نەورۆز سدیق شا وەیسی ناسییەوە، کەمال محەمەد ئەمین باری تەندروستی خراپ بوو،تەوقەی لە گەڵ قادر کابان دا کرد، قادر کابان وتی :

-کاک کەمال ئەوە تۆی ، بەخوا بەم ریشەدا نەمناسیتەوە .

کەمال وتی :

-کاک قادر لەسەر چێ دەسگیر کراویت .

-نازانم ،خەڵکێکی زۆر سەردانی دوکانەکەمیان کردووە ،ئێمەش خۆمان بە کورد دەزانین .ئیتر هیچی تر نازانم ،رەنگە رۆژێ لە رۆژان ، لە دوکانەمدا قسەیەک کرابێت .

ناسنامەی (دەلاکی و هونەرمەندان وفەرمانبەری پەروەردەی پێ بوو .

قادر کابان رووی کردە زیندانی هاوڕێ ی و پێی وتن :

-من پارەم زۆر پێ یە با بەشی بکەین .

ئەوان قبوڵیان نەکرد ، قادر کابان وتی :

-ئەگەر بە یەکەوەماینەوە ، هەموومان خاوەنی یەک گیرفانین ، بۆ ئەمانە بیخۆن .

بە زۆر 15 دیناری دا بە نەورۆزسدیق ، 2 دیناری نارد بۆ کەمال ، ئەو کاتەی کەمال لە ژوورە بچوکەکەی بەرامبەر ئەوان بوو ، شەوێک قادر کابان گۆرانی بۆ هاوڕێ زیندانییەکانی وت ،ڕۆژێک دوای دەوام ، ناوی قادر کابانیان خوێندەوەو بردیان و ئیتر جارێکی تر نەیان بینییەوە،

دوای ئەوەی کەمال ئازاد کرا هەڵوێستە باڵاکەی قادرکابانی بە بیری نەورۆز سدیق دا هێنایەوە . نەورۆز وتی :


-سەردانی ماڵی قادر کابانم کردو ئەمانەتەکەم دایە دەست هاوسەرەکەی .

**سەرچاوە :**

- چمکێک لە یادو بیرەوەرییەکانی شیو عیبەک ،نوسینی کەمال محەمەد ئەمین، ل96-97، 2010




هەروەك ئاگری نەورۆز وورەم گەش وبەتینە جەژن وشادیم لەماڵێ تەنها سفرەی حەوت سینە سەیران و دەشتودەروخۆشیی نەورۆزی ئەمساڵ سەنگەری بەرگری یە و دژبە کۆرۆنای چینە! نزام لە یەزدانەکەم ، کەبە تواناو بەسۆزە بیکاتە هێزو ووزە ، ساڵیادی ئەم نەورۆزە تا بەلای ئەم پەتایە ، خێرا لێمان بێتەوە مرۆڤ کە ئۆقرە بگرێ وسروشت ببوژێتەوە جەژنی نەتەوەی کوردە، لەدەرون ودڵمانە لەماڵ بێ یا کارەنتین ، پاککەرەوەی روحمانە جەژنی بەرگری کوردان ، وەرزی بەهاری ژیان بەدڵ پیرۆزی ئەکەم ،لە چوارپارچەی کوردستان



الى // امن البلده
من // امن السليمانيه الاقتصاديه والجنائيه /١
برقيه سريه وفوريه
ص ١٩٨١/٢/

المشتى ((٨٦٦٩ )) يلقى القبض على المدعو قادر كابان صاحب محل حلاقة درسهم في السليمانيه وارساله الينا بغاية السرعه ((٠)) انتهوا

رائد الامن
م/ مدير امن محافظة السليمانيــــه

المرسل نوري
المستلم يوسف

# زیلینسکی بۆ یەکێتی ئەوروپا: سوپاستان ئەکەین بەڵام دواکەوتن 2022/3/23جیهان



ڤۆلۆدیمێر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا لە درەنگای شەوی رابردو بە ئۆنلاین بەشداری لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئەوروپا لە برۆکسل کرد.

زیلینسکی روسیای بە داگیرکار و هۆکاری وێرانکاری و زیانگەیاندن بە وڵاتەکەی تاوانبارکرد و سوپاسی هاوکارییەکانی وڵاتانی ئەوروپاشی کرد بۆ جەنگی وڵاتەکەی بەرامبەر روسیا.

پاشان بە راشکاوانە بە سەرکردە ئەوروپییەکانی وت "کە لە رێگریکردن لە داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن روسیاوە دواکەوتن".

ئاماژەی بەوەشکرد "ئێوە سزاتان سەپاندوە بەسەر روسیادا ئێمە ئەمە بەرز دەنرخێنین ئەمانە هەنگاوی باش و بەهێزن بەڵام بەس نین".

سەرۆکی ئۆکرانیا ئاماژەی بە بۆری گازی نۆرد ستریمی 2 کرد و وتی:"ئەگەر زوتر رێگری لێبکرایە روسیا قەیرانی غازی دروست نەدەکرد".

زیلینسکی داوای لە یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی دراوسێیکرد کە داواکاریی ئۆکرانیا بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپا پەسەند بکەن، جەختیکردەوە "من لێرە داواتا لێدەکەم بۆ ئەم کارە تا کات ماوە تکایە دوامەکەون ".

لە knn وەرگیراوە

## ئەمڕۆ چوارشەممە٢٣-٣-٢٠٢٢ مادلین ئۆلبرایت، یەکەم ژن کە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکای هەبو، بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

میدیاکانی ئەمەریکا بڵاویانکردەوە، مادلین ئۆلبرایت لە تەمەنی (84) ساڵیدا و بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کردوە.

مادلین جانا کۆربال ئۆڵبرایت، لەدایکبوی (15)ی ئایاری ساڵی (1937) بو لە پراگی پایتەختی چێکۆسلۆڤاکیای ئەوکات.

دیپلۆماتکار و سیاستمەدارێکی ئەمەریکی بو، یەکەم ئافەرت بو کە توانی ببێتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و لە سەردەمی سەرۆکایەتی بێڵ کلینتۆن لە ساڵی (1996) دەستبەکاربو، تا ساڵی (2001) لە پۆستەکەیدا مایەوە.

شارەزایی لە زمانەکانی ئینگلیزی و چیکی و فەرەنسیدا هەبو، توانای تێگەیشتنی زمانەکانی روسی و پۆڵەندی و سربی هەبو.

یەکێک بو لە لایەنگرانی هیلاری کلینتۆن، هاوسەری بێڵ کلێنتۆن لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ساڵی (2008).

لە knn وەرگیراوە





## ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی ئاوە، تێچووی بەرهەمهێنانی ئاوی خاوێن لە هەرێمی کوردستان ساڵانە لەنێوان (130 بۆ 140 ملیار) دینارداییە، نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکات تا ساڵی 2025 ئاوی عێراق بەڕێژەی 25% کەمبکات، لەناوچەیەکی وەکو سلێمانی، بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو، تا ئەم ساتە زیاتر لە (12) میلمەتر، باران کەمتر باریوە

نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات

جینین پلاسخارت نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئاوەوە پەیامێکی بڵاوکردوە، ئاماژەی بەو ئاڵەنگاریانەدا کە بەهۆی کەمی ئاوەوە مەترسین لەسەر عێراق.

لە پەیامەکەیدا ڕونیکردووە" کەمی بارانبارین، کەمی ئاو، ئیدارەنەدانی سامانی ئاو بەشێوەیەکی دروستو گەشەی دانیشتوان، هۆکارن بۆ ئەوەی عێراق لەدۆخێکی باشدا نەبێت، جگە لە هۆکارە سروشتییەکانو بەرنەدانەوەی ئاو لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، کە مەترسییەکی ترە بۆ سەر عێراق، ئەمەش کاریگەری هەیە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هەژارییو فراوانبوونی ململانێکان".

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە UNEP هۆشداریداوە لەبارەی ئەوەی، ئاوی عێراق تا ساڵی 2025 بەڕێژەی 25% کەمدەکات، ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆسەر کشتوکاڵو پیشەسازی لە عێراقدا.

ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بەنداوانەی تورکیاو ئێران دروستیان کردووە، باسلەوەدەکات، بە کەمبونی ئاوی هەردوو ڕوباری دیجلەو فورات بەڕێژەی لە 70%و کەمبونی ئاوی ئەم دوو ڕوبارە لەمساڵدا، بە تەواوی هەستی پێدەکرێت.

پلاسخارت لەڕۆژی جیهانی ئاودا داوا دەکات، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانو سیاسەتمەداران گرنگی بە بابەتی ئاو بدەنو ئەم سامانە گرنگە بکەن بە کاری لەپێشینەی خۆیان، چونکە دۆسیەی ئاو دۆسیەیەکی هەستیارەو دەبێت بەشێوەیەکی جددیو خێرا چارەسەری بۆ بدۆزنەوەو لەگەڵ وڵاتە دراوسێکاندا لەسەر ئەم بابەتە لە گفتوگۆی بەردەوامدا بن.

کەمی بارانی ئەمساڵ

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، ڕێژەی بارانبارین تاوەکو ڕۆژی (21ی ئازاری 2022) بڕی (374.5) ملیمەتر بووە، ئەمەش بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو لەم کاتەدا، بڕی (12.5) ملیمەتر کەمترە.

ڕۆژی جیهانی ئاو

22 ئازاری هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانی ئاو دیاریکراوە، لەساڵی 1993 لەم ڕۆژەدا دەیان چالاکی لە هەموو جیهاندا بەڕێوەدەچێت، ئەمە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەسەر بایەخی ئاو وەك سامانێکی بنەڕەتی بۆ مرۆڤایەتی، بەردەوامی ژیان بەستراوەتەوە بە پاراستنی ئەم سامانەوە.


هەندێك ئاماژە لەسەر ئاو

- لەسەر ئاستی جیهان نزیکەی (2 ملیار) کەس ئەو ئاوەی بەکاری دەهێنن سەرچاوەکەی پاك نیە.
- ساڵانە ئاوی پیس هۆکاری مردنی نزیکی (نیو ملیۆن) کەسە لە جیهاندا
- (844 ملیۆن) کەس بە ئاسانی دەستیان بە ئاوی خواردنەوە ناگات.
- لەساڵی 2025دا بە نزیکەیی، نیوەی دانیشتوانی جیهان لەو شوێنانە دەژین کە بەهۆی کەمئاوییەوە دەناڵێنن.
- لەو وڵاتانەی کە ئاستی داهاتیان نزمە یان مامناوەندە، ڕێژەی 38%ی خەڵکەکەیان دەستیان بە ئاوی تەندروست ناگات، ڕێژەی 19% تەوالێتی تەندروست بەکارناهێنن، ڕێژەی 35%یان ئاوو پاکژکەرەوەی دەستیان، دەست ناکەوێت.

ئاوی خاوێن لە هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

* ساڵانە لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزارەوە، (782 ملیۆن) مەتر سێجا ئاوی خاوێن بۆ هاوڵاتیان بەرهەمدەهێنرێت.




* تێچووی بەرهەمهێنانی ئەم ئاوە خاوێنە ساڵانە لەنێوان (130 بۆ 140 ملیار) دینار دەبێت.
* کۆی هاوبەشەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان (993 هەزارو 223) هاوبەشە.
* ئەو هاوبەشانەی پێوەریان بەستووە ژمارەیان (632 هەزارو 125) هاوبەشن.
* ئەو هاوبەشانەی پێوەریان نەبەستووە ژمارەیان (361 هەزارو 98) هاوبەشن.

لە درەو وەرگیراوە



# بۆچی نەورۆز جەژنی نەتەوەیی کوردە پێش هەر گەلێکی دیکە؟




ئەوە بەو مانایە نیە کە نەورۆز جەژنی گەلانی دیکەی ناوچەکە نیە بەلام بەو مانایەیە کە، یەک، نەورۆزی کوردان جیایە لە نەورۆزی گەلانی دیکە تەنانەت لە ڕەهەندە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەشی. دوو، نەورۆزی کوردان ڕەهەندێکی سیاسیشی هەیە هەر لە چیرۆکی کاوەی ئاسەنگەرەوە بگرە تا بەرخۆدانی کوردان لەمڕۆکەدا.
بەڵام بۆچی نەورۆز هی کوردانە پێش هەر گەلێکی دیکە ئەوە لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم:
سنووری نەورۆز ڕێک هاوتای سنووری قەڵەمڕەوی مادەکانە. قەڵەمڕەوی مادەکان تاجیکستان، ئەفغانستان، ئێران، ئازەربایجان و کوردستانی گرتۆتەوە (تەماشای نەخشەی هاوپێچ بکەن). قەڵەمرەوی نەورۆزیش لەم وڵاتانە تێناپەڕێت. بەواتایەکی تر، نەورۆز و مادەکان دوو دیوی هەمان مێژوو و شارستانین.
زۆرینەی توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مادەکان باوان و ئەژدادی کوردن. بەهەمان پێودانگ، لەناو هەموو نەتەوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ماد دا، کورد خاوەنی ئەسڵی نەورۆزە.

دووەم:
لەناو هەموو ئەو نەتەوانەی لەسەرەوە ناوم هێنان تەنها لای کورد ئاگر بۆتە سیمبۆل و پەیامی نەورۆز، هیچ نەتەوەیەکی تر ئەو شانازییەیان نییە.وە تەنها کوردیش بەرگی ئەفسانەییان داوەتە نەورۆز، ئەفسانەی کاوە و زوحاک و سەرکەوتن بەسەر ستەمکاردا، هیچ نەتەوەیەکیتر ئەوئەفسانە دژە ستەمەییان نییە. نەورۆز ئەفسانەی کوردە.

سێیەم:
ئەفسانە دیوە هەرە جوانەکەی نەورۆزە و ستاتۆی نەتەوەییش دەداتە کورد. ئەفسانە ماکی بوونی نەتەوەیە و نەتەوەی بێ ئەفسانە نەتەوەیەکی نا کامڵە. زۆرێک لە تیۆریزانەکانی بواری نەتەوە پێیان وایە گەلی بێ ئەفسانە بە نەتەوە هەژمار ناکرێت و هەموو نەتەوە زیندووەکان ئەفسانەیان هەیە، بۆ نموونە:

← هۆڵندیەکان پێیان وایە ئەوان پاشماوەی رۆحیانەتی قەشەیەکن، ← جولەکەکان پێیان وایە بەرەی موسان و ئیسرائیل ئەرزی میعادییانە.

← عەرەبەکان ئیدیعای گەرانەوەیان بۆ رەچەڵەکی ئیسماعیل کوری ئیبراهیم دەکەن.

← سیریلانکییەکان پێیان وایە یەکێک لەخوداکان سیریلانکای بەوان بەخشیوە.

← تورکەکان پێیان وایە گورگە بۆرێک ئەوانی لە لەنەمان پاراستووە.

← یابانییەکان پێیان وایە کە ٦٠٠ ساڵ پێش زاین، جومای ئیمپراتۆر کە کەسایەتییەکی ئاسمانی بووە نەتەوەی یابانی بونیاد ناوە.

تەماشا بکەن، ڤێرژنە کوردییەکەی نەورۆز لەچاو ئەفسانەکانی تردا چەندە جوانە... نەورۆز جوانترین ئەفسانەی جیهانە.

چوارەم:
ئەفسانە گێڕانەوەیەکی خەیاڵئامێزانەی خوداوەند و پاڵەوانگەلێکن کە دەگەڕێنەوە بۆ زەمان و زەمینەیەکی نادیار و بێ کۆتایی. نە نەورۆز و نە هیچ کام لە ئەفسانەی نەتەوەکانی تر، کەلەسەرەوە وەک نموونەم هێناونەتەوە، ناتوانرێت لە جوغز و کایەی ئەفسانە دەربکرێن و تانوپۆی زەمان و مەکانی داڕێژراو و دەسکردی بۆ درووست بکەن.
ئەم کۆڵەوارییە و جەدەلەی دەرهەق بە ناسنامەی کاوە و زوحاک تەنها لەناو رۆشنبیر و ئەکادیمیای کوردا هەیە. بۆ نموونە، هیچ فەیلەسوفێک، ئەکادیمییەک، رۆشنبیرێکی یابانی نەهاتووە و نایەت جەدەلی خوداوەند یان ئاسمانی بوونی شازادەکانی یابان بکات، هۆکارەکەشی سادەیە، چونکە ئەو پرسە ئەفسانەیە و هەمان ئەو ئەفسانەیش ماکی بوونی گەلی یابانە.

پێنجەم:
پیرەمێرد رێورەسمی نەورۆزی لەبەشێک لە کوردستاندا زیندووکردۆتەوە و داینەهێناوە. نە ئاگرکردنەوە هی پیرەمێردە و نە سەیران و گەشت و گوزاریش.

هەریەک لە مەراسیمی ئاگر و شایی ئاهەنگی پاڵنگان یان بێڵندانەی کوردەواری تا ئێستاش بەهەمان مەغزا و فۆرمی نەورۆز لەرۆژهەڵات بەردەوامە و دوور و نزیک پەیوەندی بە پیرەمێردەوە نییە و نەک سەدان ساڵ هەزاران ساڵ پێش لەدایکبوونی پیرەمێرد هەبووە و هەیە. کاتی پاڵنگان و بێڵندانەی رۆژهەڵات نزیک بەهەمان کاتی نەورۆزە.
خانی ٤٠٠ ساڵ زیاتر پێش ئێستا وەسفی گەورەیی و پیرۆزی نەورۆز دەکات و ئەو ئاهەنگ و گەشت و شاییەی لەنەورۆزی ئەو سەردەمی خانیدا کراوە، زۆر بە شکۆتر و فراوانتر بووە لە ئاهەنگەکانی ئەم سەردەمە.
هەڵبەت زیندووکردنەوەی نەورۆز پیرەمێردی کردۆتە لوتکە و تا ئێستا هیچ نیشتیمانپەروەر و نەتەوەییەکی کورد نەیتوانیوە پیری مەزن تێپەڕێنێت.

پەیسەر
د.ئارام ڕەفعەت

# بەهار و نەورۆز جێژنی سرووشتی پێدەشتەکانی زاگرۆس!

## ئاریتما موحەممەدی

مادەکان لە وەرزی بەهاردا سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست هێنا و بەهار و نەورۆزیان وەک هێمای ڕۆژێکی نوێ پێناسە کرد و ئیتر لەو کاتەوە بەبەردەوام بەهار و نەورۆزیان جێژن گرتووە.

نەورۆز گرینگترین و مێژوویی‌ترین جێژنی نەتەوەیی و پڕ بایەخی کورد لە مێژووی کوردستان و ناوچەکە و زاگرۆسدا بووە، نەورۆز لە گەڵ ئەوەدا کە شنەی شەماڵ و وەرزی گەرمی و گەشت و سەیران لەگەڵ خۆی دێنێت و بەرگ و ڕووخسارێکی نوێ بە خاک و ئاو و دەشتودەر دەبەخشێت، هاوکات بە وەرزی زاڵبوون بەسەر سەرماوسۆڵەی زستان و بەزاندنی ئەو وەرزە سارده و زیندوو بوونەوەی گژوگیان و سرووشت پێناسە دەکرێت. لە دەسپێکی ئەو وەرزە خۆشەدا ژیان ڕەنگوبۆی نوێ و گەش بەخۆی دەبەخشێت و تەنانەت باڵندە کۆچەرییەکانیش پەیامی ئەو وەرزە دڵڕفێنە لەگەڵ خۆیان دێنن.

گرینگییەکانی وەرزی بەهار بۆ دانیشتووانی کوردستان لە مێژوو دا؛

کوردستان وەک ناوچەیەکی کوێستانی و پڕ لە دەشت و پێدەشتی سەرسەوز و لێواولێو لە هەزاران گوڵ و گوڵزار، بەهارەکەی جوانتر و ڕازاوەتر دەکات و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە سەرچاوەی ئاوەدانی نێودێر کراوە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بەهار ئەوەیەکە ئەو وەرزە، جوانترین وەرزی ساڵە، لە دەسپێکی ئەو وەرزەدا زیندەوەران ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن و ژیان نوێ دەبێتەوە.

نەورۆز و بەهار لە مێژووی کۆنی کوردستان و کورددا بایبخی یەکجار زۆری پێدراوە، چونکوو لەو وەرزەدا بووە کە نەتەوەکەمان پلانی بۆ داهاتوو دارشتووە و ئەو وەرزە سەرەتای کشتوکاڵ و چنینی گژوگیان بووە، ئەوەش بە یەکێ لەو هۆکارانە پێناسە دەکرێتکە بووەتە هۆی ئەوەکە ژیان لە کوردستان بەردەوام بێت و گەشە بکات و کۆمەڵگا پێداویستییەکان و خۆراکی دابین بکات،بێگومان ئەگەر کوردستان بەهاری ئەوەندە خۆش و سرووشتێکی ئەوەندە دەوڵەمەندی نەبوایە ژیانی تێدا بەردەوام نەدەبوو، یان خود کۆمەڵێکی هەژار و نەداری بار دەهێنا کە وەک بەشێک لە کۆمەڵگاکانی باکووری ئەورووپا و بەتایبەت سکاندیناڤیا کە ئەو کات لە بەشێک لە ناوچەکانی، ڤیکینگەکانی تێدا ژیاوە، لەبەر ساردی و نەبوونی خۆراک و سیپاڵ، بەناچار بۆ مانەوە پەنایان بۆ جەردەیییبردووە و بەبەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر نەتەوەکانی دیکە و ڕاماڵیان کردوون، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە بژێوی ژیانیان دابین بکەن.

کاتێک باس لەوە دەکەین کە کوردستان پێتەختی زانست و گەشەکردنی مرۆڤایەتیی و دەرکەوتنی خۆر و ڕووناکی بووە و شارستانییەت و پێشکەوتن لێرەوە پەلی بۆ جیهان ڕاکێشاوە و شارسازی و قەڵا و بینای تێدا ساز کراوە و بونیاد نراوە، بەو واتایە دێت کە پێویستی نەکردووە کە خەڵک بۆ ژیان و دابینکردنی خۆراک بەرەو ناوچەیەکی دیکە کۆچ بکەن. بەواتا کوردستان بە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت ناسراوە کە هەموو دەرفەتێکی بۆ ژیانکردن و بەردەوامی ژیان و نەبوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی تێدا مسۆگەر بووە. هاوکات کوردستان لەبەر شاخاویی بوونی بۆ پارێزگاری کردن و هێرشی پێچەوانە گونجاو بووە و بەزاندن و داگیرکردنی دژوار بووە.

ئابڵۆقەی ئابووری و خۆراک کاریگەری لەسەر دانیشتووانەکەی دانەناوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کوردستان بەهاری دەوڵەمەندی هەبووە و پێداویستییەکانی وەک خۆراکی دابین کردووە و لەوەڕگاکانی بۆ ئاژەڵداری لەبار و گونجاو بووە.
لە ڕابردوودا پێداویستییەکانی ژیان لە ڕێگای ئاژەڵ و گژوگیاوە دابین کراوە، بۆ ئەوەش پێویستیان بە بەهاری تەڕ و باراناویی بووە، بۆ ئەوەکە لەو ڕێگانەوە ژیانیان دابین بکرێت و وڵات تووشی وشکەساڵی نەبێت.



کەواتا بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگا بەستراوبووەتەوە بە بەهاری تەڕ و گژوگیای فەراوان. \"بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوەش بکەم کە کوردستان تاکە وڵاتێکە لە ئاستی جیهان کە پێویستی بە شتومەکی دەرەکیینەبووە و نییە و لەنێوخۆدا پێداویستییەکانی خۆی دابین کردووە و خۆی بەڕێوە بردووە\".

لە لاپەڕەکانی مێژوودا ئاماژە بە بەهاری زاگرۆس و پێدەشتەکانی کراوە و گرینگی پێدراوە، بەتایبەت مێژووناسی گەورەی یونان کتزیاس لە چەند بەشێکدا باس لە هێزی مادەکان و دەوڵەمەندی وەرزی بەهاری کوردستان دەکات، هەروەها هێرۆدوتیش بەهەمان چەشن باس لە زاگرۆس دەکات،گژوگیای زاگرۆس و کوردستانبەسەرچاوەی دەواودەرمان نێوی هێنراوە، دەست ڕاگەیشتن بەبەهاری زاگرۆس بە واتای دابین کردنی ژیانێکی بەختەوەر و لەشساقی هەتاهەتایی بووە.

یان خود ئەگەر بەهاری کوردستان ئەوەندە تەڕ و سرووشتێکی ئەوەندە ڕەنگینی نەبوایە کوردستان تووشی وشکەساڵی دەهات و ئەوەش کاریگەری نەرێنیپیچاوەڕوانەکراوی لە دوای خۆیجێدەهێشت و کۆمەڵگا تووشی ئاڵۆزی دەبوو و کۆمەڵەکەی دەفەوتا، ئێمە کاتێک دەڵێین کە کورد هەمیشە لە کوردستان و زاگرۆس ژیاوە، بەو واتایە دێت کە ئەم ناوچەیە بۆ ژیانکردن لەبار و گونجاو بووە و کورد لە ڕەوتی مێژوودا ناچار نەبووە بۆ ئەوەکە دۆخی ژیانی باشتر بکات زاگرۆس بەرەو وڵات و کۆمەڵگا یان خود ناوچەیەکی دیکە چۆڵ بکات و کۆچ بکەن.هەروەها ئەو وەرزە جوانە، پەیامهێنەری ئاشتی و سەرکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە ڕەوتی مێژوودا بووە، لەبەر ئەوە وەرزێکی بەهار هیوای یەکساڵی کۆمەڵگایەک بۆ دابین کردنی خۆراک و بەردەوامبوونی ژیانی ئەو ساڵەیان بووە، بەهار ئەو وەرزە بووە کە بە سەرچاوەی بەردەوامی ژیان پێناسە کراوە،\"زۆرجار ئەوەمان بیستووە کەلە ڕەوتی مێژوودا لە نەبوونی بەهاری تەڕ، وشکەساڵی بووەتە هۆی لەناوچوون و فەوتانی کۆمەڵگایەک\".
هاوکات لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سووتاندنی لێرەوار و دارستانەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە مەبەستی ئەوە دێت کە سرووشتی جوانی کوردستان تێک بدات و وێرانی بکات.

هەر وەک لە دەسپێک و نێۆرۆکی ئەم بابەتەدا ئاماژەم پێکردووە کە سرووشتی دەوڵەمەندی کوردستان یارمەتیدەری ئەوە بووە کە شۆڕشەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی کورد دەستکەوتی مەزن بەدەست بهێنن و بزووتنەوەی کوردستان تووشی ڕۆخان و دارمان نەبێت و هەمیشە هەلی هەڵگیرسانی خەبات و شۆڕش و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێ لەناو سرووشتی کوردستاندا لەئارا و لە گۆڕێدا بووە.

هەروەها خاڵێکی دیکە کە پێم وایە زۆر گرینگە ئەوەیە کە هەمیشە ئابڵۆقە ئابوورییەکانی داگیرکەران کاریگەری نەرێنی لەسەر خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد دانەناوە، چوونکوو سرووشتی کوردستان، بەرزی چیاکان و بوونی پێدەشتی فەراوان و گونجاو بۆ کشتوکاڵ ڕێگر لە سەرکەوتنی پلانەکانی ڕژیم و شۆردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بووە. هاوکات سرووشتی کوردستان لە پاراستنی شەڕوانان و شۆڕشگێڕانی کوردستاندا ڕۆڵی مەزنی گێڕاوە. ئەوەش هۆکاری بنەڕەتی ئەوەن کە داگیرکەرانی کوردستان ڕق و کینەی خۆیان بەسەر سرووشتی کوردستانیشدا برێژێن.

جوگرافیا و سرووشتی کوردستان؛

کوردستان وەک ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس لە وەرزی زستاندا سەرمای زۆری بەخۆیەوە بینیوە و هەمیشە ئەوە بەهار بووە کە ئەو مەترسییەی ڕەواندووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەو وەرزەدا بووە کە مادەکان پەیمانی یەکێتی و یەکرێزییان لەناو خۆیاندا واژۆ کرد و پلانیان بۆ پێکهێنانی ئیمپراتووری میدیا دارشت، لە ڕاستیدا وەرزی بەهار وەرزی ڕزگاری و سەرکەوتنی کورد و کوردستان بووە، هەمیشە وەرزی چالاکیی و بەرخۆدان و پێشەوەچوون و دەستکەوت بووە، هەربەو مەبەستەیە کە نەتەوەکەمان لە ڕەوتی مێژوودا دەسپێکی ئەو وەرزەی جێژن گرتووە و بە سەرەتای سەرکەوتن و هیوای نوێ و دوارۆژی زانیوە.

کوردستان لە باری جوگرافییەوە لە کۆمەڵە شاخێکی بەرز و زەنجیرە کێو و پێدەشتێکی پان و بەرین پێکهاتووە کە وەرزی بەهار لە گەڵ ئەوەدا کە جوانیی و سەرسەوزی پێبەخشیوە، هاوکات سەرچاوەی مەعاش و کەسبوکار و خواردن و کشتوکاڵ بۆ دانیشتووانی بووە. ئەوەش کوردستانی کردووەتە شوێنپێی ڕمڕمانی نەتەوە جیاوازەکانی دەورووبەر و لە دەیان ناوچەی دوورەوە چاویان بە خاکی کوردستان بڕیوە و هێرشیان کردووەتە سەری، هێرشی یونانییەکان و مەغوولەکان نموونەی ئەو هێرشانە بۆ سەر کوردستانن، هەر بۆیە لە مێژووی کۆنداهەمیشە شەڕوانانی نەتەوەکەمان لێهاتوو و لە خۆبردوو بوونە و بەبەردەوام ڕاهێنانیان کردووە و لەباری لەشولارەوە بە خەڵکانێکی لەشساق و باڵابەرز و چوارشانە و بەهێز ناویان هاتووە. ئەوەش ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە کوردستان لەباری سرووشت و خۆراک و گژوگیاوە وەرزی بەهاری دەوڵەمەند بووە و وشەکانی ساڵی و برسێتی تێدارووی نەداوە.

کۆی گشتیی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە لە پێوەندی بە نەورۆز و وەرزی بەهار ئاماژەم پێکرد بە هۆکاری هێرشی دووژمنانی گەلەکەمان پێناسە دەکرێت کە هەمیشە هەوڵیان داوە کە خۆشی و شادی وەرزی بەهار و دەسپێکی ساڵی نوێ و نەورۆزمان لێ تێک بدەن و گۆماوی خوێن بخەنەڕێ و لاوانی وڵاتمان بەکوشت بدەن. وەرزی بەهار و دەسپێکی ساڵی نوێ لە مێژووی کۆنی کورددا بە واتای خۆڕاگری و هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و دابین کردنی سەربەستی و ئازادی پێناسە کراوە.

ڕووداوەکانی مێژووی کورد لە نەورۆزدا؛

ئەگەر چاوێکی خێرا بە ڕووداوە گرینگەکانی وەرزی بەهار و نەورۆزی کوردستان لە مێژووی پانسەد ساڵی ڕابردوودا بخشێنین، دەبینین کە زۆربەی ئەو ڕووداوە گرینگانە چ ئەو بەشە کە کاریگەری ئەرێنی و چ ئەو بەشانەش کە کاریگەری نەرێنیان لەسەر دۆخی سیاسیی و کولتووری نەتەوەکەمان داناوە، لە وەرزی بەهار و نەورۆزدا ڕوویان داوە. ئەوەش بە واتای گرینگی و پڕ بایبخی ئەو وەرزە دێت کە داگیرکەران هەستیان بەو ڕاستییە کردووە کە کورد وەک کۆنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زاگرۆس چەندە گرینگیان بەو وەرزە و جێژنی دەسپێکی ساڵی نوێ و نەورۆز داوە. هەر بۆیە هەمیشە ویستوویانە کە ئەو وەرزە بە خوینی کورد ڕەنگین بکەن و لە بەرچاو و لە زەین و هزری نەتەوەی کورددا ڕەش و بێبایبخی دەربخەن.

لەدار دانی پێشەوای کورد قازی موحەممەد و هەروەها کیمابارن کردنی هەڵەبجە و سەرکوت کردنی دەیان ڕاپەڕینی دیکەی کورد لەو وەرزەجوان و پیرۆزەدا رووی داوە، ئەوەش بە پیلانی داگیرکەران، هەروەها دەیان سەرکەوتن و دەستکەوتی گەلەکەمانیش هاوکات لەو وەرزە و لە دەسپێکی نەورۆز و وەرزی رووناکی خۆر و درەوشاوەیی مانگ لە شەوەزنگی پڕ ئەستێرە کە تێکڕا بەرهەمی ئاشت بوونەوەیسرووشتن، بەدەست هاتوون.هەروەها مادەکان لەو وەرزەدا سەرکەوتنی مەزنیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەست هێنا و بەهار و نەورۆزیان وەک هێمای ڕۆژێکی نوێ پێناسە کرد و ئیتر لەو کاتەوە بەبەردەوام بەهار و نەورۆزیان جێژن گرتووە. جێژنی سەرکەوتن و سەربەستیی گەل و پێکهێنانی دەوڵەتی میدیا گرینگی و بایبخێکی یەکجار زۆری بۆ ماد هەبووە.دەسکەوتەکانی ماد تاکوو ئێستاش کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕۆڵ و هێز و پێگەی کورد لە ناوچەکەدا هەیە.

پەیامی نەورۆز لە مێژوودا؛


ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە گرینگە پەیامی ئەو جێژنەیە کە هاوکات پەیامی باپیرانمانیشە،فەلسەفەی پەیامی جێژن گرتنی نەورۆز و وەرزی بەهار ئەوەیە کە هەمیشە بەسەر هەورازونشیوەکاندا زاڵ بین و خەبات و تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەرەو پێش ببەین بۆ ئەوەکە ئازادی و سەربەستیی و ژیانێکی نوێ بۆ گەلەکەمان دەستەبەر بکەین، بێگومان تاکوو وەرزی زستان تێنەپەڕێنین بەهار و وەرزی جوانی و ڕازاوەیی سرووشت ڕوومەتی گوڵان ناپشکوێت و دارستان وەچ و چرۆ ناکات، بە هەمان چەشن تاکوو قۆناغە دژوارەکان و دۆخی ئاڵۆز و مەترسیدار تێپەڕ نەبێت ڕزگاری یەکجارەکی و سەربەستیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدەست نایەت و بۆ گەل دەستەبەر ناکرێت.

بۆیە پەیامی کورد لە ڕەوتی مێژوودا لە پێوەندی بە جێژن گرتنی وەرزی بەهار بەواتای چالاکبوون و خەباتی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ماف و ویست و داخوازی بووە، هەر ئەوەشە کە دووژمنانی گەلەکەمانی هەراسان کردووە و هەرکە بەهار وەرزی خۆشی و شادی و نوێ بوونەوەی سرووشت دەگات، ئیتر بەڕێگای جیاواز هێرش دەکەنەسەر گەلەکەمان و لاوان و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکەن، لە دەسپێکی وەرزی بەهار لە ساڵی ڕابردوودا دەیان چالاکوانی سیاسیی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەسەر کران، کە تاکوو هەنووکە چارەنووسی بەشێکیان نارروونە و بەشێکیشیان بە تۆمەتی هەڵبەستراو دادگایی کران کە ئاکامەکەی بە بڕینەوەی چەندین ساڵ بەندکردن کۆتایی پێهات.

ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ڕاستی ئەو پەیامە دەسەلمێنێت کە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاری کورد لە بەهاری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە سرووشتی جوان و ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگی پێدەشتەکانی زاگرۆسەوە تێپەڕ دەبێت.







بۆ ئەوەکە ئەو پەیامە بە نەوەکانی داهاتوو بگات، دەبێت نەورۆز جێژنانە جێژن بگرین و خۆشی و شادی دەربڕین و دڵەکانمان بە بارانی بەهار بشۆرین و ڕەنگاوڕەنگی سرووشتی بەهار بەهێمای ڕەنگاوڕەنگی بۆچوونە سیاسییەکان پێناسە بکەین و ڕێز لە ڕوانگە جیاوازەکان و پلۆرالیسمی سیاسیی بگرین. هەر وەک چۆن ڕەنگە جیاوازەکان بەهاری ڕەنگین کردووە، بێگومان بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش بە هەمان چەشن ئەگەر لە پێوەندی بە داڕشتنی بناغەی داهاتوویێکی نوێوە بێت، نەک هەر نابنە درز،بەڵکوو یەکێتی و یەکڕیزی خەباتی گەلەکەمان بتەوتر دەکات و دەستکەوتەکانیش زووتر و ئاسانتر بەدەست دێن.

ئەنجام و کۆی وتار؛

وەرزی بەهار و نەورۆزی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکی بێوێنەی هەیە کە پەیامی هاتنیئەو وەرزە لە گەڵ خۆیان دێنن، خۆرێکخستنەوەی سرووشت، گەرمبوونی هەوا، پشکۆی گوڵان، وەچ و چرۆ و گەشەی دارستان، کۆچی باڵندەکان،ڕمەڕم و نمەنمی باران، ڕووناکیی هەتاو، توانەوەی بەفر و هاژەهاژی ئاوی کۆساران، قاسپەقاسپی کەو لەسەر یاڵان و چریکەی بولبوولی ناو گوڵزاران و... هتد. ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە کە ئاماژەم پێکردلەیەک کاتوسات و ئاستدا خۆ نەنوێنن، بێگومان بەهار و جوانی ئەو وەرزە ئەوەندە ڕازاوە و سەرسەوز و دڵڕفێن نابێت. پێویستە کە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانیش بەهەمان چەشن، ڕۆڵی یەکێتی سرووشت بۆ دەستبەر کردنی بەهاریدڵڕفێن بەرز بنرخێنن و پێویستە کە لە سرووشتەوە فێر بین کە ژیانی گەشەکردوو و دەستکەوتی مەزن پێویستی بە هەنگاوی هاوئاهنگ هەیە کە هەوێنی یەکێتی و یەکڕیزی بهێنێتە دی. مرۆڤ بوونەوەرێکی سرووشتیی ناو سرووشتە کە هەنووکە خۆی لە سرووشت دوور خستووەتەوە و بێگومان سرووشتی ژیانی مرۆڤیش گەلێک لە سرووشتی ژینگەی کێویی نزیک و تێکەڵە، دەکرێ مرۆڤ لەو ئەزموونانەی کە ڕۆژانە لەناو سرووشتدا دەیبینێت و فێری دەبێت، بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ژیان و دەستکەوتی گەورە کەڵکی لێوەر بگرێت.

پێم باشە لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا کە لە پێوەندی بە جێژنی نەورۆز و هاتنی وەرزی بەهارە، پێداگری لەسەر ئەوە بکەمەوە کە چوارشەمەسووری پێوەندی بە کورد و کوردستان و جێژنی نەورۆزی کوردەوارییەوە نییە، بەڵکوو چوارشەمە ڕۆژێکە کە لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بایخی پێدەدرێت و بە ڕۆژێکی پیرۆز ناسێنراوە و لەژێر کاریگەری کولتووری فارسدا هاتووەتە ناو کۆمەڵگای کوردستان. هاوکات پێویستە کە جارێکی دیکە ئاوڕ لە پەیامی ئەو وەرزە و نەورۆز بدەینەوە و پێداگری لەسەر فەلسەفەی ئەو پەیامە بکەینەوە کە هەمیشە هیوای ئاشتی و ئازادی و بەرخۆدان و تێکۆشانیلەناو دڵی گەلەکەماندا چاندووە، ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروون و ڕوانگەی تاکی کۆمەڵگای کوردستان داناوە. جارێکی دیکە جێژنی میدیا و هاتنی وەرزی بەهاری دڵڕفێن و نەورۆز پیرۆز بێت. نەورۆز و بەهار هێمای هاتنی ئازادی و ئاشتبوونەوەی سرووشت و دەسپێکی ژیانێکی نوێ و ڕۆژێکی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستانن.




# بیرەوەری

## یادت بەخێر کاک نەوشیروان

سالّی ١٩٨٣ لە گوندی بالیسان - خۆشناوەتی ، مالّی د کمال خۆشناو ببوە بارەگامان .
لە هەیوانی مالّەکەی کۆمەلّێک پێشمەرگە دانیشتبوین خەریکی نوکتەو بەسەرهات و قسەی خۆش بووین ( ئازاد هەورامی . قادری حاجی علی . بەختیار مستەفا . هاورێ جەبار . حەمەعلی هەلّەبجەیی. شەهاب شیخ کامیل . خەبات چاوشین . نەورۆز زرگوێزی) .
لەناکاو کابرایەک بەپەلە هات و قوت بۆوە ، بێ سەلام پرسی ، کوا کاک نەوشیروان ..؟
ئەوکات کاک نەوشیروان بەدەم جگەرە کێشانەوە لەناو باخەکە پیاسەی دەکرد .
زانیمان کالفامە ، جەند جارێک پرسیمان بۆچیتە ، هەر دەیووت ئیشی خۆم پێیەتی ، بوو بەپیکەنیین ، کاک قادر ووتی خواناردویەتی ، کاک ئازاد ووتی وازی لی بێین ، ئێمەش خواخوامان بوو سەرکەینە سەری ، قسەهات و چوو ، کاک قادر ووتی باشە تۆ هەتە ...؟
ووتی :هەیتم
ئیمە بەریز دەمان ووت نیتت .
ئەو دەیگوت ، هەیتم .
دوا جار دزداشەکەی هەلبری و .... گرت بەدەستیەوەو ووتی ، ئا ئەوەتا سەیرکەن من دەرێم هەیتم .
ئیتر ئیمە هەریەکەمان لەجیگەی خۆیەوە لەپیکەنینا هیچمان بۆ نەوترا ، تا لەناکاو کاک نەشیروان دەرکەوت و ووتی :
مردوتان مرێ کەس نەماوە پیی رابوێرن ئەو فەقیرە نەبێت ، شەرم گرتینی .
ووتی وەرە من نەشیروانم بزانم چیت دەوێت دەی بلّێ فەرموو .
کابرا دزداشەکەی داگرت و تیر کاک نەوشیروانی ماچ کرد ، ئینجا ووتی :
هاتوم پێت بلّیم کە ژنم بۆ بێنیت .
ئیتر خوا دای بە ئیمە ، دیسانەوە بوو بە قاقای پیکەنیین ، ئەم جارە کاک نەوشیروان لە ئیمە زیاتر پیکەنی و سەیرێکی ئیمەی کرد ، وەک ئەوەی بلّێت ئیوە لەسەر حەق بوون .
ووتی : بەس ئەم تەکلیفەم لی مەکە .
هەمیشە لە یادی کۆچی پیاوانی مەزن و هاوریی خەبات و کەسایەتیە ناودارو بەریزەکان با تەنها فرمیسک نەرێژین ، ئەوان لەناوماندا نەماون ، بەلام پیرۆزی و گەورەیی و یادگاریەکانیان لەگەلّمان دەژین ، با یادکردنەوەیان بە جۆرێکی جیاوازتر بیت کە لایەنەکانی تری ژیانیان ئاشکرا بکەین .
وینەکە :
کاک نەوشیروان . نەورۆز زرگوێزی . فەرەیدون عبدولقادر . ئەوەی دانیشتووە ، حەمە علی هەلّەبجەیی .

**نەورۆز حەمە زرِگوێزی**











**یادنامەYADNAME**

بلّاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ بە کۆمەلّێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە مالّپەڕە کوردییەکان بلّاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆلّەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703